Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090418

# دابەشبوونی شوێنی بەربەستە جیاکەرەوەکان لە شاری دوزخورماتوو

## (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)

هونەر صلاح جلال

بەشی جوگرافیای// کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان// زانکۆی گەرمیان

ئیبراهیم قاسم پاڵانی

بەشی جوگرافیای// کۆلێژی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

بەربەستەکان دیاردەیەکی جوگرافیای ڕامیارین، کە لە دێر زەمانەوە وەك سنوری جیاکەرەوە بەکارهێنراون، بەگوێرەی قۆناغە جیۆپۆلەتیکەکان هەر یەکە لە بەکارهێنان و پیشەکانی جیاواز بووە بەتایبەتی لە دوای جەنگی ساردەوە. لەم قۆناغە بە دوا ئەرکی بەربەستەکان گۆڕا بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی دانیشتوان لە نێو دەوڵەتدا، لەسەر بنەمای ئیتنی(نەتەوە، ئایین)، بە هۆکاری چڕتربونەوەی گرفتەکانی دانیشتوانی ناوچەیەك. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی دابەشبوونی شوێنی جوگرافیای بەربەستەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و ئەرکەکانی. بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی بەربەستەکان سود لە سیستەمی(GPS)وەرگیراوە، پشت بە داتا فەرمیەکان بەستراوە بەمەستی گەیشتن بە شیکردنەوەیەکی جوگرافیای سیاسی بۆ دیاردەکە. ئەم توێژینەوەیە دەری خست کە بەربەستەکان لەسەرەتادا بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی گەڕەکەکان دروستکرا، بەڵام دواتر دانیشتوانی شارەکەی دابەشکرد، هەروەها ئەم دیوار بەندییە دابڕانێکی تەواوی دروستکرد لە نێوان پێکهاتەکانی شاری دوزخورماتوو.

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

بەربەست، جوگرافیای سیاسی، دانیشتوان، دوزخورماتوو.

*Corresponding Author*

hunarj32@gmail.com
Ibraheem.qasim@garmian.edu.krd

**پێشەکی:**

بەربەستەکان هەڵدەستن بە ئەرکی پاراستنی گشتی و ئاشکرا هەروەها ئامانجی تریش لە خۆدەگرن جا سەربازی بێت یان مەدەنی یان کۆمەڵایەتی. لەدوای ساڵی(2003) چەندین بەربەست لە عیراقدا بوونیان هەبوە وەك سنوری جیاکەرەوە لە ناو شاردا (مەبەست دابەشکردنی ئەوشارەیە) بە تایبەت لە ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، واتە ئەو ناوچانەی لە سنوری مادەی(140)ی دەستووری عیراقدان.

شاری دوزخورماتوو، یەکێکە لەو نمونانەی ئەم دیاردەیەی تێدا بەرجەستەبووە، جگە لەوەی بەشێکی گرنگ و سەرەکیە لە مادەی(140)ی دەستووری عیراق، لە هەمان کاتدا شارێکی فرە کولتوور و فرە شوناسە، ئەمەش وایکردوە چەندین بەربەست لە جۆرەکانی(بینراو نەبینراو) لە شارەکەدا بوونیان هەبێت. بەربەستی بینراو وەك(دیوار و دیواری کۆنکرێتی سیم و تەل). بەربەستی نەبینراو واتە هەبوونی بیرو بۆچوونی جیاواز لەلایەن دانیشوانی شارەکەوە. ئەمەش وایکردووە متمانەی پێکەوە ژیانێکی هەمیشەیی دروست نەبێت و وەك فۆبیایەك هەمیشە لەگەڵیان بمێنێتەوە، چونکە لەلایەك شارێکی فرە نەتەوە و مەزهەبییە، لەلایەکی ترەوە ئاسایشی ناوچەکە ناجێگیرە، بەهۆی یەکلانەبوونەوەیان لە نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا. هەروەها بەردەوامی گرژیی و ئاڵۆزییەکان. دواجار هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبووەو، بوونەتە هۆی دروستکردنی بەربەستی جیاکەرەوە لەسەر بنەمای نەتەوە و مەزهەب نێوان گەڕەکەکانی شاردا،

لیرەوە بەمەبەستی زیاتر خستنەڕووی کێشەی توێژینەوەکە،ئەم پرسیارانە دەخەینەڕوو:

1. ئایا دروستکردنی بەربەستەکان وەك هۆکاری جیاکردنەوەی نێوان پێکهاتەکانی شاری دوزخورماتوو، کاریگەری هەیە لەسەر پێکەوژیانی ئاشتیانە؟

2.ئایا دروستکردنی بەربەستەکانی ناوچەی توێژینەوە پەیوەندی بەململانێی پێکهاتەکانەوە هەیە؟

**گریمانە.**

وەڵامدانەوەیەکی سەرەتاییە بۆ کێشەی توێژینەوەکە لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، کە دیاریکراوە لە کێشەی توێژینەوەکەدا ئەویش

1.دروستبوونی بەربەستەکان لە ناوچەی توێژینەوە پەیوەندیی بە جیاوازیی پێکهاتەی نەژادیەوە(الاثني) هەیە، لە ڕووی (نەتەوە . مەزهەب)هوە. کە دواجار لە ململانێی نێوان پێکهاتەکانی ناو شاری دوزخورماتوودا ڕەنگیداوەتەوە.

2.دروستکردنی بەربەستەکان پەیوەستە بە لایەنی ئاسایشی شارەکەوە بە تایبەتی دوای پەلاماردانە تیرۆریستییەکانی دوای ساڵی(2005).

**ئامانجی توێژینەوە**

1. پیشاندانی گرنگترین ئەو ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبیانەی کە لە شارەکەدا بوونیان هەیەو، بوونەتە هۆی دروستکردنی بەربەستی جیاکەرەوەی نێوان نەتەوەکان.

2. شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە بەربەستەکان دروستیانکردووە لە پێکەوە ژیان، دانیشتوانی شارەکە دەتوانن بەربەستەکان لابەرن بە شێوەیەکی ڕاستی(واقعی)و سڕینەوەی لە هزریاندا. ئەم لابردنە ببێتە نەخشە ڕێگایەکی ئاشتیانە لە نێوان تەواوی پێکهاتەکاندا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێ ڕێچکەی(approaches) تایبەت بە جوگرافیای ڕامیاری دەبەستێت، دیارترین ئەو ڕێچکانەش بریتیین لە:

1.ڕێچکەی سیستەم: system approach

بەشێکە لەو ڕێبازە نوێیانەی لە جوگرافیای سیاسیدا بەکاردێت، بوار دەدات بە بەستنەوەی پرۆسەی سیاسیی و ڕەنگدانەوە شوێنیەکانی. پرۆسەی سیاسی بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی ڕوداوەکان. یان ئەو ڕێکارانەی دانیشتوان ئەنجامی دەدەن دەبنەهۆی گۆڕینی لاند سکیبەکان بەخێرایی.

2.میتۆدی ڕەفتاری:

ئەم میتۆدە؛ پشت بە بیرۆکەی ورژاندن و وەڵامدانەوە دەبەستێت و لە تیۆرە دەروونناسییەکانەوە وەرگیراوە. ژینگە بەدیاردە سروشتیی و مرۆییەکانیشەوە بۆ خۆی ورژێنەرە و، مرۆڤیش وەڵامیدەداتەوە و کارلێکی لەگەڵ دەکات، واتە دەبێتە وێنەیەکی زەینی وئاوەزی (عەقلی) بۆئەو دیاردەیە و تایبەتمەندییەکانی.

**سنوری توێژینەوە**

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە سنوری شارەوانی دوزخورماتووە. بە گوێرەی نەخشەی بنەڕەتی شارەکە بۆ ساڵی(2022). ژمارەی گەڕەکەکانی پێکدێت لە(16)گەڕەك و، ڕووبەرەکەی دەکاتە(14,2کم2). هەروەها ناوچەی توێژینەوە لەبەشی باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گوندی شا سەیوان، لە باشوریشەوە هاوسنورە لەگەڵ ڕووباری ئاوەسپی، لە بەشی ڕۆژئاواشەوە پرۆژەی ئاودێری کەرکوك سنوریەتی، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە شاخی هەنجیرە دێت. بڕوانە نەخشەی(1).

**پێکهاتەی توێژنەوە:** توێژینەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت ئەوانیش:

تەوەری یەکەم: جەخت لە بنەما جوگرافیەکان دەکاتەوە وەك بنەما سروشتیی و مرۆییەکان و پەیوەندیان بە بەربەستەکانەوە.

تەوەری دووەم: باس لە پێکهاتەی نەتەوەیی دەکات بەپێی سەر ژمێرییەکان و دابەشبوونی گەڕەکەکان

تەوەری سێیەم: باس لە دابەشبوونی شوێنی جوگرافی بەربەستەکان دەکات کە بوونەتە هۆی دابڕانی پێکهاتەکان.

**تەوەری یەکەم: بنەما جوگر افیەکانی ناوچەی توێژینەوە.**

**یەکەم: بنەماسروشتی یەکان**


**1.شوێنی جوگرافی**

شوێن؛ کاریگەریی لەسەر دروستبوون و گەشەکردن و فراوانبوونی شار و ئاراستەو شێوەی شار هەیە. لە پەیوەندی سەنتەری شارەکە بەگوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری کە دەکەونە دەرەوەی سنوری ئاوەدانی شارەکە و لە کاتێکدا هەموو شارێك پەیوەندی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و بازرگانیی لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەیە[1].(ڕاتزل) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە جیاوازی کردووە لە نێوان شوێن و پێگە[2]. بەڵام پێگە بریتییە لەو ڕووبەرەی کە شاری لەسەر بنیادتنراوە سنوری شارەوانی دەگرێتەوە[3]. دیاریکردنی شوێنی هەر ناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە جوگرافیا بەگشتی و لە جوگرافیای سیاسیدا بەتایبەتی لە بەرئەوەی شوێن فاکتەری هێزە. ئاشکرایە کە شوێن بە درێژایی کات جێگیرو نەگۆڕە لە سەر زەوی، بەڵام بەها سیاسی و ستراتیژییەکانی هەمیشە لە گۆڕاندایە[4]. شاری دوز خورماتوو لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە کەوتۆتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی (34° 55′ 10″ . 34° 52′ 11″)باکور و هەر دوو هێڵی درێژی(44° 35′ 47″ . 44° 38′ 51″)ڕۆژهەڵاتەوەو، دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سەڵاحەدین و لە دووری(96)کم لە سەنتەری پارێزگا. هەروەها بە دووری(75)کم لە سەنتەری شاری کەرکوك، بەمەش شارەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی(بەغداد - کەرکوك) کە بە ناوەندی شارەکەدا تێدەپەڕێت و دەیکات بە دوو بەشەوە، بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. سەرەڕای ئەمە ناوچەی توێژینەوە لە ڕێگەی کفریەوە بە ئیدارەی گەرمیان و مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە دەبەسرێتەوە، لە ڕێگەی قادر کەرەمیشەوە بە پارێزگای سلێمانیەوە دەبەسرێتەوە. بڕوانە نەخشەی(1).

**2.تۆبۆگر افیا:**

تۆبۆگرافیا کاریگەری گەورەی لە سەر چالاکیە مرۆییە جۆراو جۆرەکان هەیەو، لە پرۆسەی پلانداناندا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. شێوەکانی سەر ڕووی زەویی فاکتەرێکی یارمەتیدەرن بۆ کار ئاسانی چالاکی مرۆیی یان بە پێچەوانەوە. دەشتەکان لە ناوچە شاخاوییەکان گونجاوترن بۆ چالاکیە مرۆییەکان و زیاتر توانایی لە خۆگرتنی دانیشتوانیان هەیە، کەواتە شێوە و تایبەتمەندی سەر ڕووی زەوی هەندێك جار کاردەکاتە سەر خێرایی گەشەکردنی شارەکان یان بە پێچەوانەوە[5]. سەبارەت بە تۆبۆگرافیای دو خورماتوو ئەوا دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمی نیمچە شاخاوییەوە، بە گشتی بەرزییەکەی لە نێوان(200 بۆ250م) بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، ئەمەش جیاواز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ناوچەکە دەبێت. بە جۆرێك نزمترین شوێنی ناوچەی توێژینەوە لە نێوان(200 بۆ210م) دایە، کە لە گەڕەکی (برایەتی) لە باکوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای شارەکەوە لە دەووربەری پرۆژەی ئاودێری کەرکوکەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(220 بۆ228م)[6]. بەرزترین شوێنی ناوچەی توێژینەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتیدایە لە بناری شاخی هەنجیرە کە دەگاتە(248م). لێرەوە دەبینین کە ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی بەرزونزمیەوە ئاڵۆز نییە ئەمەش هۆکاریکی گرنگ و یارمەتیدەرە بووە بۆ دروستکردنی بەربەستەکان و جۆرەکانی لە ناوچەکەدا بە ئاسانی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە تێچوونی زۆر نییە. کەواتە ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی تۆبۆگرافیاوە بۆ دروستکردنی بەربەستە جیاکەرەوە نەتەوەیی و تائیفیەکان کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ناوچەکە تارادەیەك دەشتاییە تەنها بەشێکی کەمی نەبێت لە دامێنی شاخی هەنجیرە.

نەخشەی(1)شوێن وپێگەی شاری دوزخورماتوو بەگوێرەی قەزای دوز خورماتوو و هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:.

1.بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.8.1

2.هيئة المساحة العامة، خريطة العراق الطبوغرافية، 1:100000

.

3.خريطة قضاء طوزخورماتو بمقياس، 1: 75000.

4.التصميم الأساس لمدينة طوزخورماتو2022.

**3.دەرامەتی ئاو**

دەرامەتی ئاو گرنگترین ڕەگەزە لە ڕەگەزەکانی هێزی سروشت و پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدراوی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیەو، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی و کاریگەر لە ژیانی ئابووری یەکەی سیاسی بەتایبەت لە ژینگە وشکەکاندا دەگێڕن، جگە لە کاریگەری لە سەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان[7]. ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئادەمیزادا هەیە و گرنگترین هۆکار بووە بۆ پەیدابوونی دانیشتوان هۆکارێکیش بووە بۆ دروستبوونی شارستانێتەکان لە کەناری دەریا و ڕووبارەکان، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەموو

لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فراوانبوون و گەشەکردنی شاردا[8]. گرنگترین سەرچاوەکانی ئاوی لە ناوچەی تویژینەوهە بریتیین لە:

**أ. ئاوی سەرزەوی**

مەبەست لە ئاوی سەر زەوی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لە سەر ڕووی زەوی هەیە، وەکو ئاوی ڕووبارەکان و چەمەکان کانیاوەکان و دەریاچەکان. ناوچەی توێژینەوە بەیەکێك لەو ناوچانە دادەنرێت کە دەوڵەمەندە لەڕووی ئاوی سەر زەوییەوە. دەکرێت بەم شێوەیە باس لە ئاوی سەر زەوی لە ناوچەی توێژینەوە بکەین:

**1.ڕووباری ئاوەسپی**

لە بەشی ڕۆژئاوای سەگرمەی سەر بە ناحیەی سەنگاو بە چەند کانیاوێك دەست پێ دەکات بە دێکانی جاف و زەنگەنە و داودە و باشوری شاری خورماتوو و بەیات دا تێدەپەڕێت[9]. درێژییەکەی(165)کم لە سەرچاوەکەیەوە تا دەڕژێتە بەنداوی عوزیمەوەو بە باشوری شاری دوزخورماتوودا تێدەپەڕێت. درێژییەکەی لە باشوری شارەکە دەگاتە نزیکەی(4)کم[10]. ڕۆڵێکی باڵای لە پڕکردنەوەی ئاوی عوزێم هەیە، بۆتە هۆی دروستبونی چەندین شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆیی لە دەوروبەری شاری دوزخورماتوودا، سەرەڕایی ئەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵیەکان و ئاوی خواردنەوە و بەکارهێنانی تری مرۆیی[11]. ئەم ڕووبارە لە سەرچاوەوە ڕوبارێکی هەمیشەییە، بەڵام لە زستان و بەهاراندا ئاوی زیاد دەکات، بە جۆرێك لە هاویناندا دەگاتە ڕادەی وشك بوون لەم ناوچەیەدا بە ڕووبارێکی وەرزی دادەنرێت[12]. ئاوەسپی جیاکارییەکی جوگرافی تیادا بەدی دەکرێ کە لە سەرچاوەوە بۆ ڕێژگە دەکەوێتە خاکی کوردستانەوە. لە سەردەمی دەستەڵاتە عوسمانیەکانەوە کە تورکەکان باڵا دەستبوون لە ناوچەکە(ئاق سو)ی پێی دەڵێن لەو کاتەدا زمانی تورکی زمانی دەسەڵاتدار بووەو تاکو ئیستاش لە نەخشە فەرمیەکانی عیراقدا بەم ناوەوە ناودەبرێت. کورد پێی دەڵێت ئاوەسپی و سەرچاوەی لە کانیاوە، لە کاتی هەڵقوڵانیدا بە شێوەی کەفی سپی ئەبینرێ بۆیە پێی وتراوە ئاوەسپی[12]. تاکە لقی ڕووباری دیجلەیە کە لە ئاو پەیداکردندا پشت بە ئاوی باران دەبەستێ[14]. ناوی ئەم ڕووبارە لەلایەن نەتەوەکانی شارەکەوە بە چەند ناوێکی جیاواز ناو دەهێنرێت، کورد پێی دەڵێت ئاوەسپی، بەڵام تورکمان و عەرەبەکان پێی دەڵێن(نهرئاقسو) و دووزجای(طوزجاي). شێوازی ناونانی ڕووبارەکە هێمایەکە بۆ جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا، ئەمەش هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیەوە کار لەسەر ئەوەکراوە کە هەژمونی تورکمانەکان بەسەر شارەکەوە بێت، کە بەشێوەیەکی چەسپاو لە یادەوەری نەوەکانی داهاتودا هەر دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا ڕووبارەکە بەشێکە لە ناوچەی هەرێمی شاخاوی کە کوردستانی باشوری ئێستایە، ئەم جۆرە ناونانە وەك ململانێیەکی دەروونی(سایکۆلۆجی) لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دروستکراوە.

**2.پرۆژەی ئاودێری کەرکوك**

پرۆژەی ئاودێری کەرکوك بەیەکێك لە سەرچاوە ئاوییە گرنگەکانی ناوچەی توێژینەوە دادەنرێت، یەکەمین پرۆژەیە کە بەشە ئاوی پێویست بۆ ناوچەی توێژینەوە دابین دەکات[15]. ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی حکومەتی پێشووی بەعس ناوی لێنرابوو(پرۆژەی سەدام) بە بەردەوامی ئاوی هەیە و زۆربەی دانیشوانی ناوچەکە بۆ ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ سودی لێ دەبینن. جیا لەوەی ساڵانێکە بە زۆری دانیشتوانی مەڵبەندی شارەکە بۆ ئاوی خواردنەوە پشتیان بە ئاوی ئەم پرۆژە بەستووە[16]. توانای پرۆژەکە دەگاتە(4000م$^3$/ ڕۆژ) کە ئاوی خواردنەوەی شارەکە دابین دەکات بە ئاستی دابینکردنی توانای پرۆژە بە(450لیتر/ ڕۆژێکدا) بۆ هەر تاکێك[17]. ئەم پرۆژەیە بۆ دابینکردنی ئاوەکەی پشت بە زێی بچوك دەبەستێت، کە بە یەکێك لە لقەکانی ڕووباری دیجلە دادەنرێت، لە ڕێگەی ڕێڕەوێکەوە درێژ دەبێتەوە لە سەرەتای بەنداوی(دبس)هوە بۆ ناوچەی توێژینەوە، ئاوی ئەم پرۆژەیە بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێت، سەرەڕایی بەکارهێنانی بۆ چاندنی دانەوێڵە لە کێڵگەکان. هێزی ئاوەڕۆیی بە(20م$^2$/ چرکە) دادەنرێت. ئاوی پرۆژەکە شیاوی خواردنەوە نییە تاکو بە پاڵاوتن چارەسەر نەبێت. بۆ ئەوەی لە خەوشەکان و ماددە هەڵگیراوەکان لەگەڵ ئاوی پرۆژەکە پاك بکرێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام[18].

لە کاتی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی(داعش) ئەم پرۆژەیە بەربەستێکی سروشتی گرنگ بوو بۆ ڕیگە گرتن بە پێشرەوەییەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ڕوژئاوی شارەکەو، بووە پاڵپشتیەکی باشی هێزەکانی پێشمەرگە.

**ب. ئاوی ژێرزەوی**

مەبەست لە ئاوی ژێرزەوی بریتیە لەو ئاوەی کە وەك یەدەگ لە ژێرزەویدایەو، بە زۆری لە ڕێگای بیری ئیرتوازیەوە سودی لێ دەبینرێت. سەبارەت بە ئاوی ژێرزەوی ناوچەی توێژینەوە هیچ سودی لێوەرنەگیراوە، هەرچەندە لە زۆربەی ئەو گەڕەکانەی کە نزیکن لە ڕووباری ئاوەسپی و پرۆژەی ئاودێری کەرکوکەوە لە چەند ساڵی ڕابردوا(18)بیری ئیرتیوازی لێدرا بەمەبەستی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە. بەڵام بە هۆی نەشیاوی پێکهاتەی ئاوەکەی کە هەمووی کبریت و نەوتاوی بوو شکستی هێنا[19].

**دووەم: بنەما مرۆییەکان:**

**1.گەشەی دانیشتوان لە شاری دووز خورماتوو:**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە قەبارەی دانیشتوان ڕوودەدات چی بە زیادبوون یان کەمبوون بێت پێی دەوترێت گەشەکردن[20]. سەرچاوەی گەشەی دانیشتوان سێ هۆکارە(لەدایکبوون، مردن، کۆچکردن). هەروەها ناتوانرێت ئاستی گەشەکردنی دانیشتوان بە تاکە هۆکارێك لەم هۆکارانە دیاری بکرێت، بەڵکو بە هەمووی دیاری دەکرێت. پێدەچێت باڵانسی نێوان ئەو هۆکارانە لە کاتێك بۆ کاتێکی تر بگۆڕێت و بەوەش ژمارەی دانیشتوان بەتێپەڕبوونی کات لە نێوان زیادبوون و کەمبوونی ڕێژەکەیدا، زیاد و کەم دەکات[21]. ناوچەی توێژینەوە بە چەند بارودۆخێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا گوزەری کردووە کە ڕەنگدانەوەی لە سەر گەشەی دانیشتوانەکەی هەبووە. کە بەتێڕوانین لە خشتەی(1) دەردەکەوێت، دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی(1977)دا.(29233) کەس بووە.

ژمارەکەی لە ساڵی (1987)دا زیادیکردووەو گەیشتۆتە(41250) کەس واتە بە جیاوازی(12017) کەس وە، بە گەشەی ساڵانە(3,5%) کە زیاترە بە بەراوردکردنی بە قەزای دوزخورماتوو کە ڕێژەکەی(1,3%)، بەڵام کەمترە لە پارێزگای سەڵاحەدین کە دەکاتە(4,2%) لە نێوان ساڵانی(1977ـ1987).

لە ساڵی(1997) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە گەیشتۆتە(57371) کەس واتە(16121) کەس زیادی کردووە. هۆی ئەم زیادکردنەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی ساڵانی(1987بۆ1997) ڕوییانداوە. یەکێك لە هۆکارانە شاڵاوەکانی ئەنفالی سێ و رووخاندنی سەرجەم گوندەکانی ناوچەی داوده بوو، زۆرینەی ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگاریان بوو هاتنە نێو شارەکەوە بە هۆی نزیکی یان کۆچکردن بۆ لای کەسوکاریان لەشارەکەدا. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گەیشتە(3,3%) ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد بە قەزای دوزخورماتوو زیاترە کە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی(3%). بەڵام بە بەراورد پارێزگای سەڵاحەدین کەمترەو دەگاتە(3,6%)، لە ماوەی نێوان ساڵی(1987ـ1997).

خشتەی(1)ژمارەی گەشەی ساڵانەی* دانیشتوانی شارو قەزای دوزخورماتوو و پارێزگای سەڵاحەدین لە نێوان ساڵانی(1977-2021)

| ناوچەی جوگرافی | ساڵ | ژ.دانیشتوان | گەشەی ساڵانە لە نێوان | ڕێژەی گەشەی ساڵانە% |
|---|---|---|---|---|
| شاری دوزخورماتوو | 1977 | 29233 | 1977ـ1987 | 3,5 |
| | 1978 | 41250 | 1987ـ1997 | 3,3 |
| | 1997 | 57371 | 1997ـ2007 | 3,9 |
| | 2007 | 84323 | 2007ـ2021 | 1,2 |
| | 2021 | 99771 | | |
| قەزای دوزخورماتوو | 1977 | 75737 | 1977ـ1987 | 1,3 |
| | 1987 | 86253 | 1987ـ1997 | 3 |
| | 1997 | 115942 | 1997ـ2007 | 2,6 |
| | 2007 | 150235 | 2007ـ2021 | 2,1 |
| | 2021 | 201888 | | |
| پارێزگای سەڵاحەدین | 1977 | 415723 | 1977ـ1987 | 4,2 |
| | 1987 | 629576 | 1987ـ1997 | 3,6 |
| | 1997 | 904432 | 1997ـ2007 | 3 |
| | 2007 | 1216266 | 2007ـ2021 | 2,1 |
| | 2021 | 1637232 | | |

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1977، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(10)، ص29.
2. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1987، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(1)، ص1.
3. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1997، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(1)، ص1.
4. وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، مديرية احصاءات السكان والقوى العاملة، تقديرات سكان لسنة2007، جدول(5/1)، ص43.

وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، مديرية احصاء محافظة صلاح الدين، شعبة احصاء الطوز، بيانات غير المنشورة، سنة2022.

بەڵام لە ساڵی(2007)دا. ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە گەیشتە(84323)کەس واتە(26952) کەس زیادی کردوە، بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی(3,9%)، کە بە بەراورد بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزای دوزخورماتوو و پارێزگای سەڵاحەدین بەرزترە، کە ڕێژەکانیان دەکاتە(2,6%)و(3%) لە نێوان ساڵانی(1997ـ2007). ئەم ڕێژەیەش بە بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دادەنرێت، فاکتەرەکانی ئەم زیادبوونەش بریتیین لە:

أ. رووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە لە ساڵی(2003)داو، گەڕانەوەی زۆرێك لە ئاوارەکانی ناوچەی توێژینەوە کە لە دوایی ڕاپەڕینی ساڵی(1991) ئاوارەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان بوون گەڕانەوە ناوچەی توێژینەوە. قەرەبووکردنەوەیان بەپێی مادەیی(140)ی دەستوری عێراق و، بوژانەوەی ئابوری وڵات بەگشتی. هەر لەم ماوەیەدا زۆرترین گەڕەکی هەڕەمەکی لە ناوچەی توێژینەوە دروستکرا لەلایەن نەتەوەیی کورد و تورکمان عەرەبی شارەکەوە.

ب . کۆچکردنی سوننەکانی شارەکانی ناوەڕاست بۆ ناوچەی توێژینەوە بە هۆی شەڕی مەزهەبیەوە.

ساڵی(2021) یشدا ژمارەی دانیشتوانی شاری دوزخورماتوو گەیشتە(99771)کەس واتە(15448) کەس زیادی کردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی(1,2%) ئەم ڕێژەیەش بەنزمترین گەشەی ساڵانە دادەنرێت لە نێوان ساڵانی(2007ـ 2021)، بەڵام بە بەراورد بە قەزای دوزخورماتوو و پارێزگای سەڵاحەدین ڕێژەکە کەمە کە دەگاتە لە(2,1%)، پارێزگاکەش دەگاتە(2,1%). هۆکاری ئەم ڕێژە کەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی مەزهەبی نێوان تورکمانی شیعەو عەرەبی سونەو زۆری تەقینەوەو کردە خۆکوژییەکان ورفاندن، ئەمە سەرەڕایی هاتنی داعش بۆ سنوری ناوچەی توێژینەوە گرتنی زۆربەی ناوچەکانی دەوربەری لەگەڵ زۆری

ململانێ و شەڕ و پێکدادان لە ناوخۆی شارەکەدا لە نێوان کوردو تورکمان. گرنگترین هۆی ئەم ڕیژە کەمەشە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی(16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017) کە بوە هۆی وێرانکردنی گەڕەکە کوردییەکانی شارەکەو، ئاوارە بوونی سەدان خێزانی کورد کە تائێستا زۆرێك لەم خیزانانە نەگەڕانەتەوە.

**تەوەری دووەم: دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی:**

پێکهاتەی نەتەوەیی لە لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای سیاسیدا بایەخێکی گەورەی هەیە. دیارە هەماهەنگیی نەتەوەیی بۆ پێکەوە گرێدانی دانیشتوانی دەوڵەت کاریگەری خۆی هەیە[22].جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی لە جەستەی دەوڵەتدا زۆر جار کێشەی بۆ دروست دەکات، بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەگەر نەتەوەیەکی بچوك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا هەستی کرد مافەکانی لێ زەوتکراوەو ستەمی لێدەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە، ئەوا ئەم نەتەوە کار بۆ تۆڵە سەندنەوە دەکات[23]. ئاشکرایە کە هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان زۆر کاری کردۆتە سەر پێکهاتە ئەتنۆگرافییەکەی بەو پێودانگەی کە کوردستان چەندان نەتەوە و نەژادی جۆراو جۆری بۆ هاتووەو تێدا نیشتەجێ بووە[24]. بەگوێرەی ئەوەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی لە ئاستی ناحیەو سەنتەری شارەکان لە سەرژمێرێکانی عێراق تەنها لە ساڵی(1977) بەردەستە، بە پشت بەستن بە دابەشکردنی گەڕەکەکان کە پۆلێن کردنێکی ئیتنیکی و نەتەوەیی هەیە لە ناوچەی توێژینەوە، بۆیە دابەشکردنی نەتەوەیی لە دوو قۆناغی جیاواز بەکاردەهێنین ئەویش ساڵی(1977)و ساڵی(2021)بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ. دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەی توێژینەوە بەپێی سەرژمێری ساڵی(1977).

لە ناوچەی توێژینەوە چەندین پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی ئاڵۆز هەیە. بەتێڕوانین لە خشتەی(2) دەردەرکەوێ، کە پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی(1977) ژمارەیان(11559) کەس، کە ڕێژەی(39,50%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن.

بەڵام پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەپلەی دووەم دێت بەپێی هەمان سەرژمێری ژمارەیان(9986) کەس بووە، واتە ڕێژەی(34,16%)ی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکهێنابوو. پاشان پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب لە پلەی سێیەمدا بووە، کە ژمارەیان(7656) کەس و ڕێژەی(26,19%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بوون، نەتەوەکانی تریش ژمارەیان(32)کەس و ڕێژەیان(0,11%)دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، بەڵام پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەی توێژینەوە بەبەراورد بە قەزای دوزخورماتوو دەبینین گۆڕانگارییەکی گەورە لە ڕێژەکەیان دروست بووە بە جۆرێك ڕێژەی پێکهاتەی کورد بەرزبووەتەوە بۆ(45,67%)، هەروەها پێکهاتەی عەرەبیش ڕێژەکەی بەرزبووەتەوە بۆ(35,34%)، بەڵام پێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان ڕێژەکەی دابەزیووە بۆ(18,44%)، ئەمەش بەبەراورد بە پێکهاتەی تورکمان لە ناوچەی توێژینەوە زۆر کەمە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە زۆرینەی تورکمانەکان بەهۆی ئەرکی(فەرمانبەری و مامۆستایی) نیشتەجێی شارەکە بوون، هەروەها نەتەوەکانی تریش ڕێژەیان زیادی کردووە بۆ(0,55%).

خشتەی(2)دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شار و قەزای دوزخورماتوو بەپێی سەرژمێری ساڵی(1977)

| نەتەوە | شاری دوزخورماتوو | | قەزای دوزخورماتوو | |
|---|---|---|---|---|
| | ژماری دانیشتوان | ڕێژەی% | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی % |
| کورد | 9986 | 34,16** | 34567 | 45,67 |
| تورکمان | 11559 | 39,54 | 13965 | 18,44 |
| عەرەب | 7656 | 26,19 | 26769 | 35,34 |
| هیدی که | 32 | 0,11 | 416 | 0,55 |
| سەرجەم | 29233 | 100 | 75737 | 100 |

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:.

1. مديرية الامن العامة مركز التطويرالأمني، التعداد القومي للسكان، بيانات سرية، ص83-85.

**ب. پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی دانیشتوان بەپێی گەڕەکەکانی شار بۆ ساڵی(2021)**

دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیەوە دابەشبوونێکی نەتەوەیی مەزهەبی وەرگرتووە. لە دوای داگیرکردنی عێراق لە(2003)دا گەڕەکەکانی شاری دوزخورماتوو بە زمانی زۆرینەی هەر نەتەوەیەك لە سەر ئاستی گەڕەکەکە ناونراون. بەپشت بەست بە خشتەی(3)و نەخشەی(2) بەگوێرەی گەڕەکەکان بۆ ساڵی(2021) لەگەڵ زانینی گەڕەکە جیاوازەکان بە گوێرەی نەتەوەکان ژمارەی پێکهاتەکانی ناوچەی توێژینەوەمان بۆ دەردەکەوێ.

**1.گەڕەکە کوردنشیەکان**

گەڕەکە کوردییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوەو بە درێژایی دامێنی شاخی هەنجیرەدا بڵاوبوونەتەوە، بریتین لە گەڕەکەکانی(کۆماری و بنار و ڕزگاری و هەنجیرە و شەهیدان و پیشەسازی).

**أ. گەڕەکی کۆماری:** ئەم گەڕەکە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەرە وە گەورەترین گەڕەکە لەسەر ئاستی گەڕەکە کوردنشینەکانی ناوچەی توێژینەوە. بە شێوەیەك کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (7636) کەس، کەواتە ڕێژەی(22,6%) کوردی شارەکە لەم گەڕەکەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانەکەی ڕێژەی(7,6%) ناوچەی توێژینەوەیە پێکدێنن. ڕووبەرەکەشی دەگاتە(0,95کم2)و، چڕی

دانیشتوانەکەشی(8037,9کەس/ کم2)، لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانیشەوە پێنجەمین گەڕەکە لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە.

**ب. گەڕەکی بنار:** لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە بە دووەم گەڕەکی کوردی دادەنرێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە(5969)کەس و، ڕێژەی(17,7%) نەتەوەی کوردی شارەکەی تێدایە. دانیشتوی ئەم گەڕەکە ڕێژەی(6%) دانیشوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن. لە رووی ڕووبەرشەوە بچوکترین گەڕەکە لەسەر ئاستی گەڕەکە کوردنشینەکان کە روبەرەکەی دەگاتە(0,3کم2) کە چڕی دانیشتوانەکەی(19896,7کەس/کم2). لە رووی چڕییەوە چڕترین گەڕەکی کوردییە، لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوەش بە پلەی دووەم دێت.

**ج. گەڕەکی ڕزگاری:** یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی ناوچەی توێژینەوەو سێیەمین گەڕەکە لە رووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە لە سەر ئاستی گەڕەکە کوردییەکان کە ژمارەیان(5663) کەس و، رێژەی(16,8%) دانیشتوانی کورد لە خۆدەگرێت و، کە دەکاتە ڕێژەی دەگاتە(5,7%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، ڕووبەرەکەشی دەگاتە(0,43کم2)، چڕی دانیشتوانی دەگاتە(13174,4کەس/کم2). وە لە ڕووی ڕووبەریشەوە لەسەر ئاستی گەڕەکە کوردنشینەکان بە پێنجەمین گەڕەك دادەنرێت، لە دوایی گەڕەکی بناریش دووەم چڕترین گەڕەکی کوردییە.

خشتەی(3)دابەشبونی پێکهاتەی نەتەوەیی بەپێی گەڕەکەکان بۆ ساڵی(2021)لەگەڵ ڕێژەی دابەشبونی نەتەوەکان بەسەر گەڕەکەکاندا لە سەر ئاستی شاری دوزخورماتوو.

| ناوی گەڕەك | دانیشتوانی نەتەوەکان بەپێی گەڕەکەکان شار | | | | ڕێژەی دابەشبونی نەتەوەکان بەسەر گەڕەکەکاندا | | | روبەر کم2*** | چڕی دانیشتوان کم2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کورد | تورکمان | عەرەب | تێکەڵ | کورد% | تورکمان% | عەرەب% | | |
| کۆمار | 7636 | نیە | نیە | نیە | 22,6 | نیە | نیە | 0,95 | 8037,9 |
| بنار | 5969 | نیە | نیە | نیە | 17,7 | نیە | نیە | 0,3 | 19896,7 |
| ڕزگاری | 5663 | نیە | نیە | نیە | 16,8 | نیە | نیە | 0,43 | 13174,4 |
| هەنجیرە | 3112 | نیە | نیە | نیە | 9,2 | نیە | نیە | 0,7 | 4445,7 |
| شەهیدان | 2988 | نیە | نیە | نیە | 8,9 | نیە | نیە | 0,59 | 5064,4 |
| پیشەسازی | 2404 | نیە | نیە | نیە | 7,1 | نیە | نیە | 0,52 | 4623,1 |
| ئیمام ئەحمەد | نیە | 10611 | نیە | نیە | نیە | 29,6 | نیە | 0,96 | 11053,1 |
| مەلا سەفەر | نیە | 7341 | نیە | نیە | نیە | 20,5 | نیە | 0,79 | 9292,4 |
| ئیمام حسێن | نیە | 6825 | نیە | نیە | نیە | 19 | نیە | 0,69 | 9891,3 |
| ئۆرتە | نیە | 6395 | نیە | نیە | نیە | 17,8 | نیە | 0,45 | 14211,1 |
| تەئاخی | نیە | نیە | 8763 | نیە | نیە | نیە | 29 | 0,78 | 11234,6 |
| سرور | نیە | نیە | 114 | نیە | نیە | نیە | 0,4 | 0,4 | 285 |
| تەیار | 5195 | نیە | 6121 | 11316 | 15,4 | نیە | 20,3 | 0,2 | 56580 |
| عەدل | نیە | 1920 | 7658 | 9578 | نیە | 5,4 | 25,4 | 0,66 | 14512,1 |
| برایەتی | 786 | 2223 | 2995 | 6004 | 2,3 | 6,2 | 9,9 | 1,1 | 5458,2 |
| سدیق | نیە | 531 | 4521 | 5052 | نیە | 1,5 | 15 | 1,7 | 2971,8 |
| سەرجەم | 33753 | 35846 | 30172 | 31950 | 100 | 100 | 100 | 11,22 | - |
| ڕێژە% | 33,83 | 35,93 | 30,24 | - | | | | | |

کاری توێژەر بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە:.

1.حەسەن بارام، ڕەهەندەکانی کوردستانیبونی قەزای خورماتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2012، ل127.

2.ئەحمەد حەمید گەرمکی، شاری خورماتوو(جوگرافی، ئیداری، نەتەوەی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2005، ل32.

3.ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی یۆنامی لە دوزخورماتوو لە بەرواری 2017/12/23، UNAMI-Information:38580#.

4- Dr. Zmkan Ali Saleem &Dr. Mac J. Skelton, Actors,and Comeptition in Iraq's Disputed Territries After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahaddin, Journal of Political and Securiy Studies, Volume 2, Issue 4, December 2019, P 219.


5.چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(سەردار فتاح داودی)، ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی قەزای دوزخورماتوو، لە بەرواری2022/3/4.

6.چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(باسم عبد ئەحمەد حەمدانی) سەرۆکی ئەنجومەنی پێشوی قەزای دوزخورماتوو، لەبەرواری2022/3/4.

7.چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی ئەنجومەنی گەڕەکەکان و سەردانی توێژەر و چوونە نێو هەموو گەڕەکەکانی شار.

8.وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، مديرية احصاء محافظة صلاح الدين، شعبة احصاء الطوز، بيانات غير المنشورة، سنة2022،
9.وزارة البلديات والاشغال، مديرية العامةبلديات صلاح الدين، مديريةبلدية الطوز، بيانات غيرمنشورة، 2022.

نەخشەی(2) دابەشبونی نەتەوەکان بەپێی گەڕەکەکانی شاری دوزخورماتوو




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:.

1. خشتەی(3)

2. بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.8.1.

3. التصميم الأساس لمدينة طوزخورماتو 2022.

**د. گەڕەکی هەنجیرە:** یەکێکە لە گەڕەکە نوێکان و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە(3112)کەس. چوارەم گەڕەکە لە ڕووی زۆری دانیشتوانەوە لە سەر ئاستی گەڕەکە کوردییەکان. بەم شێوەیەش ڕێژەی(9,2%) کوردی شارەکە دانیشتوی ئەم گەڕەکەن و لە هەمان کاتدا ڕێژەی(3,1%) دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنێت، بە دووەم گەورەترین گەڕەکی کوردی دادەنرێت لە دوای گەڕەکی کۆماری لە ڕووی ڕووبەرەوە کە دەگاتە(0,7کم2)و، چڕی دانیشتوانەکەشی دەگاتە (4445,7کەس/کم2)

**هـ. گەڕەکی شەهیدان:** دروستبوونی بەشێوەیەکی هەڕەمەکیەو دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، ژمارەی دانیشتوان(2988) کەسەو ڕێژەی(8,9%) کوردی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ئەم گەڕەکە، بەشێوەیەك کە ڕێژەی(3,1%) دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنێت و، ڕووبەری گەڕەکەکە(0,59کم2)و چڕی دانیشتوانەکەی دەگاتە(5064,4کەس/ کم2). ئەم گەڕەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە هاوسنورە لەگەڵ هەرسێ گەڕەکی کوردنشین لە باشورییەوە گەڕەکی هەنجیرە دێت لە ڕۆژئاواشەوە گەڕەکەکانی کۆماری و پیشەسازی سنوریەتی. هەروەها لەم گەڕەکە هیچ بەربەستێك بوونی نییە، چونکە لەگەڵ هیچ گەڕەکێکی تورکمانی شیعی سنوری جوگرافی نییە.

**و. گەڕەکی پیشەسازی:** ژمارەی دانیشوانەکەی دەگاتە(2404) کەس و، ڕێژەی(7,1%) کوردی ناوچەی توێژینەوە لەم گەڕەکەدایە، کە دەکاتە ڕێژەی(2,4%) دانیشتوان لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە و، کەمترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە بە بەراورد بە گەڕەکە کوردییەکانی تر. چوارەم گەڕەکە لە ڕووی ڕووبەرەوە لە سەر ئاستی گەڕەکە کوردییەکان کە ڕووبەرەکەی(0,52کم2)، چڕی دانیشتوانەکەی(4623,1کەس/کم2). ئەم گەڕەکە کەوتۆتە باکوری ناوچەی توێژینەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە گەڕەکی شەهیدانی کوردنشین دێت و لە باشوریشەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی کۆماری و گەڕەکی تەیاری فرە نەتەوە فرە مەزهەب، لە بەشی

ڕۆژئاواشەوە شەقامی سەرەکی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکی سدیقی جیادەکاتەوە کە گەڕەکێکی فرە نەتەوە و مەزهەبە، بەڵام هیچ بەربەستێك نە لە سنوری گەڕەکەکە لە نێو گەڕەکەکەدا بوونی نییە، لەبەر ئەوەی هیچ سنورێکی جوگرافی لەگەڵ گەڕەکە تورکمانییە شیعیەکاندا نییە.

**2. گەڕەکە تورکمان نشینەکان:**

گەڕەکە تورکمان نشینە شیعە مەزهەبەکانیش کەوتونەتە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوە و سەر شەقامی گشتی کەرکوك بەغداد کە ناوچەی توێژینەوە دابەش دەکات بۆ بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەوانیش گەڕەکەکانی(ئیمام ئەحمەد و مەلا سەفەر و ئیمام حسێن و ئۆرتە).

**أ. گەڕەکی ئیمام ئەحمەد:** زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە لە سەر ئاستی گەڕەکە تورکمان نشینەکان کە دانیشتوانەکەی دەگاتە(10611) کەس. کەواتە ڕێژەی(29,6%) پیکهاتەی تورکمانی ناوچەی توێژینەوە کەوتۆتە ئەم گەڕەکە کە زۆرینەیان شیعە مەزهەبن. ڕێژەی(10,6%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و دووەمین گەڕەکی ناوچەکەیە لە ڕووی زۆری دانیشتوانەوە لە دوایی گەڕەکی(تەیار). ڕووبەرەکەی لە هەموو گەڕەکە تورکمان نیشینەکانی تر گەورەترە کە دەکاتە(0,96کم2)و، چڕی دانیشتوانەکەی دەگاتە(11053,1کەس/ کم2).

**ب. گەڕەکی مەلا سەفەر:** ئەم گەڕەکە لە دوایی گەڕەکی ئیمام ئەحمەد دووەم گەورەترین گەڕەکی تورکمان نشینە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە کە دەگاتە(7341کەس)و. ڕێژەی(20,5%) تورکمانی شارەکە پێکدێنێت و ڕووبەرەکەی(0,79کم2)و، چڕی دانیشتوانەکەی(9891,3کەس/ کم2)، لە سێ محلە پێك دێت و محلەی ژمارە(106) کە هەر بەناوی گەڕەکەوە ناسراوە ژمارەی دانیشتوانی(3637کەس)و. ڕێژەی(49,5%) تورکمانی گەڕەکەکە لە خۆدەگرێت، پاشان محلەی ژمارە(104)دێت بەناوی محلەی ئیمام عەلی کە دانیشتوانەکەی(3202کەس)و. ڕێژەی(43,6%) دانیشتوانی هەمان گەڕەك پێکدێنێ کە تورکمانی شیعە مەزهەبن، دواتر محلەی ژمارە(102) دێت بە ناوی محلەی(ئاقسو) کە ژمارەی دانیشتوانەکەی(500کەس)و. ڕێژەکەی(6,9%) گەڕەکەکەیە کە تورکمانی سوننە مەزهەبن. ئەم گەڕەکە ڕێژەی(7,4%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت. هەرچەندە ئەم سێ محلە لە ژێر ناوی یەك گەڕەك دایە بەناوی(مەلا سەفەر)، بەڵام تورکمانەکان بە سێ گەڕەکی سەربەخۆ هەژماری دەکەن بۆ ئەوەی مۆرکێکی تورکمانی بە شارەکە ببەخشن.

**ج. گەڕەکی ئیمام حسێن:** یەکێکە لە گەڕەکە تورکمان نشینە شیعیەکان. ژمارەی دانیشتوانەکەی (6825کەس)و. ڕێژەی (19%) تورکمانی ناوچەی توێژینەوە لەم گەڕەکەدایە، ڕووبەرەکەی(0,69کم2)و، چڕی دانیشتوانەکەی دەگاتە(9891,3کەس/ کم2)و. ڕێژەی(6,8%) دانیشتوانی شارەکەی تێدا دەژی.

**د. گەڕەکی ئۆرتە:** کەمترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە بە بەراورد بە گەڕەکە تورکمان نشینەکانی تری ناوچەی توێژینەوە. ژمارەی دانیشتوانی(6395کەس)و. ڕێژەی لە(17,8%) تورکمانی شارەکە کەوتۆتە ئەم گەڕەکە. بچوکترین ڕووبەری هەیە لە سەر ئاستی گەڕەکە تورکمان نشینەکان کە دەگاتە(0,45کم2)، بەم شێوەیەش بەرزترین چڕی دانیشتوانی بە بەراورد بە گەڕەکە هاونەتەوەکانی خۆی و لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، لە ڕووی چڕییەوە بە چوارەم گەڕەك دادەنرێت، دەگاتە(14211,1کەس/ کم2)و، ڕێژەی(6,4%) دانیشتوانی شارەکەی لێیە.

**3. گەڕەکە عەرەب نشینەکان:**

دەکەونە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە، بریتین لە هەر دوو(گەڕەکی تەئاخی و سرور) کە عەرەب نشینی سونە مەزهەب.

**أ. گەڕەکی تەئاخی:** زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە لە سەر ئاستی گەڕەکە عەرەب نشینەکان و، ژمارەیان دەگاتە(8763کەس)کە لە هۆزەکانی(ئەلبوحەمدان و عوبێد و بەیات و ئەلبومفەرجن)و، ڕێژەی(29%) پیکهاتەی عەرەبی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەگرێت. دانیشتوانی ئەم گەڕەکە ڕێژەی(8,8%)شارەکە پێکدەهێنێت. ڕووبەرەکەی دەگاتە(0,78کم2) و چڕی دانیشتوانی (11234,6کەس/ کم2). بەرزترین چڕی دانیشتوانی هەیە بە بەراورد بە گەڕەکی سروری عەرەب نشین.

**ب. گەڕەکی سرور:** کەمترین دانیشتوانی هەیە لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوەو گەڕەکە عەرەبیەکان ژمارەیان تەنها(114کەس). ڕێژەکەی دەکاتە(0,4%) پێکهاتەی عەرەبی شارەکەو، ڕێژەی(0,1%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەگرێت. ڕووبەرەکەی(0,4کم2)و نزمترین چڕی دانیشتوانی هەیە کە دەکاتە(285کەس/ کم2). خەڵکەکەی بە کاروباری کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن بەهۆی نزیکی لە پرۆژەی ئاودێری کەرکوکەوە کە بە باکور و ڕۆژئاوای گەڕەکەکەدا تێدەپەڕێت. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنورە لە گەڵ گەڕەکی(سدیق)ی فرە نەتەوە و مەزهەب و، لە باشوریشەوە گەڕەکی(عەدل)ی زۆرینە عەرەب سنوریەتی. لەم گەڕەکەدا بەربەستی جیاکەرەوە بوونی نییە بەهۆی ئەوەی سنورەکەی لەگەڵ گەڕەکە زۆرینە عەرەب نشینەکاندایە، ئەمە سەرەڕای پەرشوبڵاوی ماڵەکانی و نەبونی هیچ سنورێکی جوگرافی لەگەڵ گەڕەکە تورکمانییە شیعیەکان.

**4. گەڕەکە فرە نەتەوە و مەزهەبەکان:**

**أ- گەڕەکی تەیار:** ئەم گەڕەکە زۆرترین ژمارەی دانیشوانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەگرێت کە ژمارەکەی (11316کەس)و. گەڕەکێکی تێکەڵە لە نێوان(کورد و عەرەبی سونی). لە ڕووی ڕووبەرەوە بچوکترین گەڕەکی شارەکەیە کە دەگاتە(0,2کم2)و، بەرزترین چڕی دانیشتوانی هەیە لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە و گەڕەکە فرە نەتەوەکان کە دەگاتە(56580کەس/ کم2). ئەم گەڕەکە دابەش دەبێت بۆ دوو محلە. محلەی ژمارە(122) یان(تەیار) کە دانیشتوانەکەی(6121 کەس)و، ڕێژەی(54,1%) نەتەوەی عەرەب لە سەر ئاستی گەڕەکەکە لەخۆدەگرێ. ڕێژەی (20,3%)پێکهاتەی عەرەبی ناوچەی توێژینەوەی لێیە کە لە هۆزەکانی(نعێم و ئەلبومفەرجن). پاشان محلەی ژمار(118) یان(ڕاپەڕین) دێت کە دانیشتوانەکەی (5195کەس). دابەشبوون بە سەر هۆز کوردەکانی وەك(داودە

و گل و شێخان) لەگەڵ(کاکەییەکان)، ڕێژەیان(45,9%) گەڕەکەکەیە کە دەکاتە ڕێژەی(15,4%) کوردی ناوچەی توێژینەوە، دانیشتوانی هەر دوو محەلەکە ڕێژەی(11,3%) ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن. ئەم گەڕەکە لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(پیشەسازی) کوردنشین و، لە ڕۆژهەڵات و باشوریشەوە گەڕەکی(کۆماری) سنوریەتی لە ڕۆژئاواشەوە شەقامی گشتی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکی(سدیق)ی جیادەکاتەوە. هەر چەندە گەڕەکێکی تێکەڵە، بەڵام هیچ بەربەستێکی جیاکەرەوەی لەگەڵ گەرەکە سنورەکانی و لە ناو گەڕەکە کەشدا نییە، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی سنوری جوگرافیەکەی لەگەڵ گەڕەکە کوردیەکاندایە.

**ب . گەڕەکی عەدل:** یەکێکە لە گەڕەکە فرە نەتەوەکان و ژمارەی دانیشتوانی(9578کەس)و. ڕووبەرەکەی(0,66کم2) و چڕی دانیشتوانەکەی(14512,1کەس/ کم2). لە دوایی گەڕەکی(تەیار) دووەم گەڕەکی فرە نەتەوەیە لە ڕووی زۆری دانیشتوان و، سێیەم گەڕەکیشە لە سەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە، دانیشتوانەکەی پێکدێت لە نەتەوەیی(عەرەبی سونی و تورکمانی سونی) بەم شێوەیە دابەشبوون. محلەی ژمارە(121) کە دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی عەرەبن و ژمارەیان(7658کەس)و. ڕێژەیان دەگاتە(80%) لە سەر ئاستی گەڕەکەکەو، و ڕێژەی (25,4%) عەرەبی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەگرێ، پاشان محەلەی(123)دێت کە تورکمانی سونەن و ژمارەیان(1920کەس)و. ڕێژەی(20%) گەڕەکە پێکدێنن، کە دەکاتە ڕێژەی(5,4%) تورکمانی شارەکە. دانیشتوانی هەر دوو محەلە کە ڕێژەی(9,6%) ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن، ئەم گەڕەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچەی تۆیژینەوە، لە باکورەوە گەڕەکی(سروری عەرەبی) سنوریەتی و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گەڕەکی(سدیق)ی فرە نەتەوەو مەزهەب هاوسنورە وە لە باشورەوە شەقامی گشتی دوز . تکریت لە گەڕەکی(تەئاخی) عەرەب نشینی جیادەکاتەوەو، لە ڕۆژئاوەشەوە دەکەوێتە سەر پرۆژەی ئاودێری کەرکوك و یەکێکە لەو گەڕەکە تێکەڵانەی کە هیچ بەربەستێکی سنوری نییە لەگەڵ گەڕەکە هاوسنورەکانی و لە نێو خۆی گەڕەکەش هەر چەند گەڕەکێکی تێکەڵە لە نێوان عەرەب و تورکمان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو پێکهاتەکە هاو مەزهەبن. سنوری جوگرافی لەگەڵ تورکمانی شیعە نییە.

**ج . گەڕەکی برایەتی:** ژمارەی دانیشتوانەکەی(6004کەس). لە ڕووی ڕووبەرە وە دووەم گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە و فرە نەتەوەیە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە(1,1کم2)و، چڕی دانیشتوانەکەی(5458,2کەس/ کم2)و ڕێژەی(6%) دانیشتوانی شارەکە لە خۆدەگرێ. زۆرینەی لە پێکهاتەی عەرەبن کە ژمارەیان(2995کەس). کەواتە ڕێژەی(49,9%) گەڕەکەکەن و، ڕێژەی(9,9%) عەرەبی ناوچەی توێژینەوەن، پاشان تورکمان دێت کە ژمارەیان (2223کەس)و ڕێژەی(37%) گەڕەکەکەن و ڕێژەی(6,2%) تورکمانی شارەکە نیشتەجێ ئەم گەڕەکەن. دواتر نەتەوەی کورد دێت کە ژمارەیان(786کەس)و، ڕێژەی(13,1%) دانیشتوانی ئەم گەڕەکەن و، ڕێژەی(2,3%) کوردی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. ئەم گەڕەکە کەوتۆتە باکوری ناوچەی توێژینەوە، تەنیا گەڕەکی شاری دوزخورماتووە کە هەر سێ نەتەوەکەی تێدایە، هیچ بەربەستێك لەم گەڕەکەدا بوونییە، چونکە پرۆژەی ئاودێری کەرکوك لە شارەکەی دابڕیوە. تورکمانەکانی ئەم گەڕەکە سوننەن.

**د. گەڕەکی سدیق:** ئەم گەڕەکە ژمارەی دانیشتوانەکەی(5052کەس). ڕێژەی(5,1%) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەکرێت و، گەورەترین گەڕەکە لە ڕووی ڕووبەرەوە کە دەگاتە(1,7کم2)و، چڕی دانیشتوانی(2971,8کەس/ کم2). ئەم گەڕەکە لە دوو محەلە پێکهاتووە محەلەی ژمارە(111)کە دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی عەرەبن و ژمارەیان (4521کەس)و. ڕێژەی لە(89,5%) گەڕەکەن کە دەکاتە لە(15%) عەرەبی ناوچەی توێژینەوە واتە زۆرینەی گەڕەکەکەن بەرامبەر پێکهاتەی تورکمانی شیعی کە کەوتونەتە محەلەی ژمارە(105) و دانیشتوانیان(531کەس) و ڕێژەیان دەکاتە لە(10,5%) هەمان گەڕەك، هەروەها لە(1,5%) تورکمانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆدەگرێت کە شیعە مەزهەبن.

**تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی بەربەستەکان لە شاری دوزخورماتوو:**

سەرەتایی دروستبوونی بەربەستەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە. بەدیاری کراوی لە ماوەی ساڵانی(2006.2005) کاتێك لە عێراقدا شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە سونەدا هەڵگیرسا. بۆیە لەو کاتەدا زۆرتریت کاری تیرۆریستی و تەقینەوە و کوشتن لە ناوچەی توێژینەوە ڕویدەدا، هەروەك چۆن لە شارەکانی تری وەکو بەغداد و موسڵ و بەعقوبە و ڕوومادی و کەرکوك خانەقین و ڕوویدەدا. تەقینەوەکانیش لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانی وەك(قاعیدە و ئەنسار سوننە و نەقشبەندییەکان و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی سەدامەوە) ئەنجام دەدران.

هەرچەندە دوزخورماتوو شارێکی بچوکە، بەڵام لە ڕووی کردەی خۆکوژیی و تەقینەوە پێش شارە گەورەکان کەوتبوو. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوربەری شارەکە کە دابەشبونێکی نەتەوەیی و مەزهەبی هەیە هاوشێوەی ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی ئەو شەڕە مەزهەبییەی شارەکانی ناوەڕاست و بەغدادی گرتەوە سوننەکان توشی پاکتاوی ڕەگەزی بوون لە سەردەستی هێزە شیعیەکان ناچاربوون کۆچ بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان لە نێویاندا کەرکوك و دوزخورماتوو. لەو ماوەیەشدا ڕێژەکی زۆری عەرەبی سونە بەهۆی هەرزانی نرخی خانوو کرێ ڕوویان لە شاری دوزخورماتوو کرد، لێرەوە کەوتنە هەوڵدانی تۆڵەکردنەوە لە تورکمانە شیعەکانی ناوچەی توێژینەوە و تەقینەوەکان بە چەندین شێوە ئەنجام دەدران لە گەڕەکە تورکمان نشینە شیعەکان، لە ڕێگەی ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراوە یان لە ڕێگەی ماتۆڕسکیل چ دووتایە بێت یان سێ تایە یان پاسکیل یان لەڕێگەی بۆمبی موگناتیسی و لێدانی لە دەرگای ماڵەکان و ژێر ئۆتۆمبیلەکانیان یان بە جلوبەرگی پۆلیسییەوە دەچوونە نێو گەڕەکەکانەوە لەو کاتەدا دام و دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت نەیان دەتوانی ئەو گەڕەکانە و بازاڕی گەورە بپارێزن. تورکمانەکانی ئەو گەڕەکانەش بێ ئومێدبوون لەوەی کە هێزەکانی پۆلیس بتوانن بیان پارێزن. بۆیە لە ڕێگەی هێزە تورکمانییەکانەوە هەستان بە


دانانی بەربەست لە نێو کوچە و کۆڵانەکانی گەڕەکەکانیان داخستنی کۆڵانەکان. بۆ ئەمەش هێزەکان هاوکاریان بوون لە هێنانی دیواری کۆنکرێتی و کەرەستەکانی بۆ ئەوەی شارەکە چۆڵ نەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی بەربەستەکان لە ناوچەی توێژینەوە بریتین لە(72) بەربەست وەك لە نەخشەی(3) دا دەردەکەوێت.

**1. بەربەست لە نێوان یەك گەڕەك**

**أ. گەڕەکی سدیق**

ئاوەدانبوونەی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دروستکردنی سایلۆی دوزخورماتوو و پرۆژەی ئاودێری کەرکوك لە ماوەی ساڵانی(1978. 1982) ئەو کاتە حکومەت چەند پارچە زەوییەکانی بەسەر کرێکاراندا لەم گەڕەکە دابەشکرد بەتایبەت ئەو کرێکارانەی لە هەردوو پرۆژەی ئاودێری کەرکوك و سایلۆکە کاریان دەکرد. سەرەتای دروستکردنی بەربەستەکانی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی(2007) لە لایەن ماڵە تورکمانە شیعەکان بۆ دابرانیان لە تێکەڵاوی عەرەبە سونیەکانی گەڕەکەکە بەهۆی مەترسی ئەنجامدانی تەقینەوەکان و پاراستیان لە کردەوە خۆکوژیەکان ئەمە سەرەڕای بە ئامانج گرتنی هێزەکانی ئەمریکا کە بارەگاکەیان لە فرۆکەخانەی سدیق بوو لەهەمان گەڕەك[25]. ژمارەی بەربەستەکانی گەڕەکی سدیقی عەرەب نشین و تورکمان نشین بریتین لە(8) بەربەست، کە بەرزیان نزیکەی دوو مەتر و درێژیان دەگاتە(80)مەتر، لە نێو بەربەستەکانیدا دوو دەرگا هەیە، بڕوانە خشتەی(4). یەکێکیان ڕێگای سەرەکیە بۆ چونە ژوورەوەی ئوتۆمبێل و لەژێر چاودێری کامێرەدایە، بەڵام دووەمیان دەرگای لاوەکیە کە تەنها بە پیادە دەتوانرێت تێپەڕێنرێت ئەم گەڕەکە لە ئێستادا زۆرینەی ڕەهای لە نەتەوەی عەرەبە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەوە، لە باکورەوە پرۆژەی ئاودێری کەرکوك لە گەڕەکی(برایەتی) جیادەکاتەوەو، لە ڕۆژهەڵاتەوە شەقامی سەرەکی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکەکانی(پیشەسازی و تەیار و کۆماری و ئیمام حسێن و مەلاسەفەر)ی جیادەکاتەوە وە لە باشوریشەوە شەقامی گشتی دووز تکریت لە گەڕەکی(ئیمام ئەحمەدی تورکمانی) جیادەکاتەوە. و لە بەشی ڕۆژئاواشەوە هەر دوو گەڕەکی(سروری عەرەب نشین و عەدلی فرە نەتەوە) سنوریەتی.

نەخشەی(3) دابەشبوونی جوگرافیای بەربەستەکان لەشاری دوزخورماتوو




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:.

1. سەردانی مەیدانی و سود وەرگرتن لە ئامێری(GPS)بۆ دەست نیشانکردنی شوێنی بەربەستەکان.

2. بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis 10.8.1.

3. التصمیم الأساس مدینة طوز خورماتوو،2022.

خشتەی(4)دابەشبوونی بەربەستەکان لە سنوری گەڕەکەکان

| ژ. بەربەست | جۆری بەربەست | گەڕەك | نەتەوە | درێژی بەربەست | درێژی سنوری جوگرافی | ژ.دەرگا |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | دیواری بلۆك و تەلی سیم | سدیق | تورکمان | 80م | _ | 2 |
| | | | عەرەب | | | |
| 3 | دیواری بلۆك و تەلی دڕکاوی | مەلا سەفەر | تورکمان | 119م | 348,5م | نیە |
| | | ڕزگاری | کورد | | | |
| 7 | دیواری بلۆك و کۆنکریت و سیم | ئیمام ئەحمەد | تورکمان | 70م | 909,2م | نیە |
| | | تەئاخی | عەرەب | | | |
| 4 | دیواری کۆنکرێت | ئۆرتە | تورکمان | 41 | 546,7م | نیە |
| | | ڕزگاری | کورد | | | |
| 6 | دیواری بلۆك و کۆنکرێت و سیم | ئۆرتە | تورکمان | 69م | 608,4م | 3 |
| | | بنار | کورد | | | |
| 6 | دیواری بلۆك و کۆنکرێت | ئیمام حسێن | تورکمان | 70م | 1355م | 2 |
| | | کۆماری | کورد | | | |
| 5 | دیواری بلۆك وسیم | ئیمام حسێن | تورکمان | 50م | 861,5م | 3 |
| | | بنار | کورد | | | |
| 4 | کۆنکرێت | ئیمام حسێن | تورکمان | 40 | 512,6م | نیە |
| | | هەنجیرە | کورد | | | |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:.

1 .سەردانی مەیدانی و بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc Gis10.8.1 .

**2.بەربەست لە نێوان دوو گەڕەك:**

**أ.گەڕەکی مەلا سەفەر و گەڕەکی ڕزگاری:**

ئەو بەربەستانەی گەڕەکی مەلا سەفەری تورکمان نشین جیادەکاتەوە لە گەڕەکی ڕزگاری کوردنشین ژمارەیان بریتیە لە(3) بەربەست بەرزییان نزیکەی(2)مەترە درێژییان(115)مەترە، هیچ دەرگایەك لە نێوان بەربەستەکانی ئەم دوو گەڕەکەدا نییە، درێژی سنوری جوگرافی نێوان ئەم دوو گەڕەکە(348.5) مەترە، بڕوانە هەمان خشتەی(4). ئەمە جگە لەوەی(10) بەربەستی تریش کەوتۆتە ناو گەڕەکی(مەلا سەفەرە)وە،بڕوانە هەمان نەخشەی(3) دا دەردەکەوێت. دروستکردنی بەربەستەکانی ناوەوەی گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایەکانی ساڵی(2005)بەهۆی زۆری کردەوە خۆکوژیەکان تەقینەوەکان لەم گەڕەکە[26] هەروەها لە تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە نزیك حسێنیەی ئیمام عەلی لە ڕۆژی (2005/9/16)بووە هۆی گیان لە دەستدانی(9) هاوڵاتی و برینداربوونی(25) دیکە لە گەڕەکی(مەلا سەفەر)و، لە ڕۆژی (2006/7/15)لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە چایخانەی(ئاقسو)لە هەمان گەڕەك(25) کەس کوژران و(12) تریش برینداربوون[27]، دروستکردی بەربەستەکانی سنوری هەر دوو دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژییەکانی ساڵی(2015) لە نێوان کوردو تورکمانی شارەکە.

**گەڕەکی مەلا سەفەر:** یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی ناوچەی توێژینەوە و پێشتر ناوی(17)ی تەموز بوو، لە ساڵی (2003) ناوەکەی گۆڕا بۆ گەڕەکی(مەلا سەفەر)، پێشتر گەڕەکێکی تێکەڵ بووە لە نێوان تورکمان و کورد، بەڵام لە ئێستا سەرجەم دانیشتوانەکەی لە نەتەوەیی تورکمانی شیعە مەزهەبن لەگەڵ کەمینەیەکی سوننە مەزهەب. بارەگاکانی هێزەکانی(بەدر و فەوجی شەهید سەدر) کە فەوجێکی تایبەتە بۆ تورکمانە سوننەکان دروستکراوە لەگەڵ نوسینگەی (عەسائیب ئەهلی حەق)و بارەگای(بەرەی تورکمانی) دەوکەونە ئەم گەڕەکەوە. گەڕەکەکە دەکەوێتە باشوری ناوچەی توێژینەوە لە سەر ڕووباری ئاوەسپی و، لە باکورەوە گەڕەکی تورکمان نشینی(ئیمام حسێن)و(ئورتە) سنوریەتی لە ڕۆژئاواشەوە شەقامی سەرەکی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکی(سدیق)ی زۆرینە عەرەب و(ئیمام ئەحمەد)ی تورکمان نشینی جیادەکاتەوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هەر دوو گەڕەکی(ئۆرتە)ی تورکمان نشین و(ڕزگاری) کوردنشین سنوریەتی.

**گەڕەکی ڕزگاری:** دروستبوونی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1961) لە بنەڕەتدا زەوی ئەم گەڕەکە موڵکی کابرایەکی تورکمان بووە بەهۆی نزیکی لە ڕووباری ئاوەسپیەوە خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بووە، پێشتر ناوی گەڕەکی(چەقەڵە) بووە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ناوەکەی گۆڕا بۆ جەمیلە(حي جميلة)، تورکمانەکان پێیان دەگوت(یەنگی داملار) بە زمانی تورکمانی ناوچەی توێژینەوە واتە ماڵە کوردەکان، لە دوایی ساڵی(2003)ناوەکەی گۆڕاوە بۆ گەڕەکی ڕزگاری[28]. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوەو لە باکورەوە هاو سنورە لەگەڵ گەڕەکی(بنار)و لە بەشی ڕۆژئاواشەوە گەڕەکەکانی(مەلاسەفەر و ئۆرتە)، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشەوە گەڕەکی (هەنجیرە)ی هاو نەتەوەی خۆی سنوریەتی. بڕوانە هەمان نەخشەی(3)

**ب .بەربەست لە نێوان گەڕەکی ئیمام ئەحمد و گەڕەکی تەئاخی:**

ژمارەی ئەو بەربەستانەی کە گەڕەکی(ئیمام ئەحمەد)و گەڕەکی(تەئاخی) لە یەك جیادەکەنەوە بریتین لە(7) بەربەست لە جۆرەکانی دیوار و سیم و دیواری کۆنکرێتی، ئەو دیوارانەی لە بلۆك و چیمەنتۆ دروستکراون بەرزییان لە نێوان(2,5بۆ 3)م، ئەوانەشی لە دیواری کۆنکرێتی دروستکراوە بەرزییان

نزیکەی(3,5)مەترە، ئەوانەشی لەسەم وتەل دروستکراون بەرزیان نزیکەی دوو مەترە، درێژی ئەم بەربەستە سنورییە دەگاتە(70) مەتر، هیچ دەرگایەك لە نێوان بەربەستەکانی ئەم دوو گەڕەکەدا نییە. درێژی سنوری جوگرافی ئەم دوو گەڕەکە(909,2) مەتر. بڕوانە هەمان خشتەی(4).

هەروەها ئەم بەربەستانە بە بەربەستی جیاکەرەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی دادەنرێن. لە بەر ئەوەی گەڕەکی(ئیمام ئەحمەد)ی تورکمان نشینی شیعە مەزهەب و گەڕەکی(تەئاخی) عەرەب نشینی سونە مەزهەب لە یەك جیادەکاتەوە. بەڵام لە ئێستادا زۆربەی بەربەستەکانی ڕۆژهەڵاتی لابراون کە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی بەغداد کەرکوك تەنیا(2) بەربەستی ماون. لە باکوری گەڕەکەکە  کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی گشتی دوز.تکریت تەنیا(2)بەربەست ماون. بڕوانە هەمان نەخشەی(3)

**گەڕەکی ئیمام ئەحمەد:** لە ساڵی(1968)دا وردە وردە دەستکراوە بە ئاوەدانکردنەوەی لە سەرەتادا چەندماڵێك بوون لە دەوروبەری گۆڕستانی(ئیمام ئەحمەد) بەهۆی نزیکی ئەم گەڕەکە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە هەندێکیان پاسەوانی وێستگەکەبوون. ناوی ئەم گەڕەکەش بە ناوی گۆڕستانی(ئیمام ئەحمەد) ناونراوە، گوایە گۆڕی(ئەحمەدی کوڕی ئیمام موسای کازم) لەم گورستانەدایە. لە کۆتایی حەفتاکان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ گەڕەکی(30تەموز)، دوایی ڕووخانی حکومەتی بەعس لە ساڵی(2003) جارێکی تر ناوەکەی کرایەوە(ئیمام ئەحمەد)، دروستکردنی بەربەستەکانی سنوری ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(2006)کە زۆرترین کردەوەی خۆکوژی تیادا ئەنجام دەدرا[29]. هەروەها یەکەمین تەقینەوەی بۆمبی چێنراو دژی هاوڵاتیانی مەدەنی لە گەڕەکی ئیمام ئەحمەدی شاری دوزخورماتوو لە ڕۆژی(2003/10/13) لە بەردەم حوسێنییەی ئیمام ئەحمەد تەقیەوە ژمارەك کوژراوی لێکەوتوە[30]. گەڕەکەکە دەکەوێتە باشوری ناوچەی توێژینەوەو لە ڕۆژهەڵاتەوە شەقامی گشتی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکی(مەلا سەفەر)ی جیادەکاتەوە لە بەشی باکوریشەوە شەقامی دوز. تکریت لە گەڕەکی(سدیق)ی فرە نەتەوە ومەزهەبی جیادەکاتەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(تەئاخی) عەرەب نشینی سوننە مەزهەب. بڕوانە نەخشەی (3).

**گەڕەکی تەئاخی:** دروستبوونی ئەم گەڕەگە بۆ سەرەتاکانی جەنگی عێراق و ئێران دەگەڕێتەوە لە ساڵی(1980)ئەو کاتە حکومەتی بەعس لەم گەڕەکە دەستی کرد بە دروستکردنی خانوو وەك دیاری پێشکەشی وارسی ئەو سەربازانەی ئەکرد کە لە جەنگی عێراق و ئێراندا شەهید دەبوون ناوی لێنرابوو گەڕەکی عەسکەری(حي العسكري). ئەم گەڕەکە پێشتر گەڕەکێکی تێکەڵ بوو لە نێوان عەرەب و کورد و تورکمان. لە دوای شاڵاوی ئەنفالی سێ ڕێژەیەکی زۆری کورد ڕووی لەم گەڕەکە کرد ئەویش بەهۆی هەرزانی نرخی خانوو و زەوبی لەم گەڕەکە، چونکە گەڕەکێکی دوور بوو لە سەنتەری شارو بازاڕەوە، لە دوایی ساڵی(2003) ناوەکەی گۆڕاو بۆ گەرەکی(تەئاخی)، بەڵام بەهۆی توندوتێژییە ناوخۆییەکانی ناوچەی توێژینەوە. لە دوایی ساڵی(2005) کۆچی کوردەکان لەم گەڕەکەوە دەستی پێ کرد بە چەند شێوەیەك ئەوانەی باری داریان باشبوو بە زۆری چوون بۆ شارەکانی( سلێمانی و هەولێر و کەرکوك و کەلار)، هەندێکیشیان بۆ شاری( کفری) یان گەڕەکە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە، تورکمانەکانیش هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ کەرکوك و گەڕەکە تورکمانشیەکانی تری شارەکە، لە ئێستادا دانیشتوانی ئەم گەڕەکە عەرەبی سونی مەزهەبن[31]. گەڕەکەکە دەکەوێتە باشوری ڕوژئاوای ناوچەی توێژینەوە لە بەشی باکورەوە شەقامی گشتی دوز.تکریت لە گەڕەکی(عەدلی) فرە نەتەوەی زۆرینە عەرەبی جیادەکاتەوەو، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی (ئیمام ئەحمەدی) تورکمان نشینی شیعە مەزهەبن(7)بەربەستی نەتەوەی و مەزهەبی لە نێوانیاندا هەیە. بڕوانە هەمان نەخشەی(3).

**3.بەربەست لە نێوان سێ گەڕەك:**

**گەڕەکی ئۆرتە و بنار و ڕزگاری:**

بەربەستەکانی نێوان ئەم گەڕەکانە بریتیین لە(13) بەربەست و(10) بەربەستیان سەرجەم ئەو کۆڵانانە دادەخات کە بەسەر هەر دوو گەڕەکی کوردنشینی(بنار و ڕزگاری)دا دەڕوانێت بەرزی ئەم بەربەستانە(2)مەتر بۆ(2,5)،(6) بەربەست گەڕەکی(ئۆرتەی)تورکمان نشین و(بناری) کوردنشین لە یەك جیا دەکاتەوە کە(3) بەربەستیان دەکەوێتە گەڕەکی(ئۆرتە)و درێژییان(24)مەترە، (3) بەربەستەکەی تریش دەکەوێتە گەڕەکی(بنار) کە درێژییان(35)مەترە لە نێوانیاندا سێ دەرگا هەیە، سنوری جوگرافی نێوان ئەم دوو گەڕەکە درێژییەکەی(608,4)مەترە. هەروەها بەربەستەکانی نێوان گەڕەکی(ئورتەو بنار) لە دیواری بلوك و تەل وسیم دیواری کۆنکرێتی دروستکراون،  تورکمانەکانی گەڕەکی ئۆرتە سنوری گەڕەکی بناری کوردنشینیان تێپەڕاندوە هەستاون بە دانانی بەربەست لە گەڕەکی (بنار) سنورەکەی خۆیان فراوانکردوە لە سەر حسابی گەڕەکی(بنار).

پاشان(4) بەربەست گەڕەکی ئۆرتەی تورکمان نشینی شیعە مەزهەب و ڕزگاری کوردنشین لێك جیادەکاتەوە کە درێژییان دەگاتە(38)مەتر. سنوری جوگرافیەکەیان درێژییەکەی دەگاتە(546,7) مەتر، هیچ دەرگایەك لە نێو ئەم دوو گەڕەکەدا بوونی نیە، بۆ ئەوەی هەموو ڕێگاکان بچنەوە دەروازە سەرەکیەکانی لە نێوان گەڕەکی ئۆرتەو بنار، بەڵام بەربەستەکانی نێوان گەڕەکی ئۆرتە و ڕزگاری لە شێوەی دیواری کۆنکرێتین، بڕوانە هەمان خشتەی(4)و نەخشەی(3)

**گەڕەکی ئۆرتە:** ئەم گەڕەکە زۆر کۆنە مێژووی دروستبوونی وەك گەڕەك دیار نیە، سەرەتایی دروستبوونی ناوچەی توێژینەوە لەم گەڕەکەوە دەستی پێ کردووە.(ئۆرتە) بە تورکمانی بەمانای(ناوەڕاست) دێت، ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەنتەری ناوچەی توێژینەوە و بازاری گەورە و(کویچك) بازاڕیش دەکەوێتە ئەم گەڕەکە. لە کۆندا ناوی محلەی  یەهود(جوەکان) بووە زۆری دانیشتوانەکەی جولەکە بوون لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەوتی ئیسرائیل زۆرینەیان کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل و موڵك ماڵەکانیان بەنرخێکی کەم لەلایەن کورد و تورکمانەوە کڕانەوە هەندێکیشیان دەستی بە سەرداگیرا. چەند بنەماڵەیەکیان بەهۆی ژن وژن خوازی لەگەڵ بنەماڵەیەکی زەنگەنە تا ئێستاش لە شارەکە ماون چونەتە سەر دینی ئیسلام، لە سەردەمی حکومەتی بەعس ناوی لێنرا گەڕەکی(خالدی کوڕی

وەلید)(حي خالد بن ولید) لە دوایی ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش جارێکی تر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ گەڕەکی(ئۆرتە)، ئەم گەڕەکە پێشر گەڕەکێکی تێکەڵ بوو لە نێوان تورکمان و کورد، بەڵام لە ئێستا سەرجەم دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی تورکمانی شیعە مەزهەبن، هەروەها دروستکردنی بەربەستەکانی ئەم گەڕەکە بەدیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(2006)بەمەبەستی پاراستنی دانیشتوانەکەی لە کردە تیرۆریستیەکان، لە دوای ساڵی(2014)و، بە سەرهەڵدانی توندوتیژیە نەتەوەییەکانی نێوان کورد و تورکمان بەربەستەکانیشی زیادیان کرد[32]. گەڕەکەکە دەکەوێتە ناوڕاستی ناوچەی توێژینەوەو لە بەشی باکورە وە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(ئیمام حسێن)و لە بەشی ڕۆژئاواشەوە گەڕەکی(ئیمام حسێن و مەلا سەفەر) سنوریەتی لە بەشی باشوریشەوە دیسان گەڕەکی(مەلا سەفەر) سنوریەتی، لە بەشی ڕوژهەڵاتیشەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی (بنار و ڕزگاری). بڕوانە هەمان نەخشەی(3).

**گەڕەکی بنار:** سەرەتای دروستبوونی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1979) کاتێك سەدام حسێن بووە سەرۆك کۆماری عێراق زەوی ئەم گەڕەکە ئیفراز کراو زۆرینەی زەوییەکانی وەك دیاری دابەشکرا بەسەر ئەفسەر و پلە دارەکانی سوپای عێراقدا، هەندێکیشی دابەشکرا بە سەر مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناوچەکەدا ناوی لێنرا گەڕەکی تەئمیم(حي التامیم). لە دوایی ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی(2003) ناوەکەی گۆڕدرا بۆ گەڕەکی(بنار)[33]. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە و لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(ئیمام حسێنی) تورکمانی شیعە مەزهەب و(5)بەربەست لەنێوانیاندا هەیە لە بەشی ڕۆژئاواشەوە گەڕەکی(ئۆرتەی) تورکمانی شیعی سنوریەتی(6)بەربەست لەنێوانیاندا هەیە، لە بەشی باشورەو هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(ڕزگاری)و، ڕۆژهەڵاتیشەوەو گەڕەکی(هەنجیرەی) هاونەتەوەو هاوزمانی خۆی سنوریەتی. بڕوانە هەمان نەخشەی(3).

**4.بەربەست لە نێوان چوارگەڕەك:**

ئەم بەربەستانە ژمارەیان بریتییە لە(27) بەربەست کە بە دیوارەکانی گەڕەکی(حسین) ناسراون لە ناوچەی توێژینەوە، دەرگاکانی بریتین لە(5) دەرگا.

لە باکورەوە(6) بەربەست گەڕەکی (ئیمام حوسێنی) تورکمان نشینی شیعە مەزهەب لە گەڕەکی(کۆماری) کوردنشین جیادەکاتەوە، درێژی بەربەستەکانی نێوان گەڕەکی(ئیمام حسێن)و(کۆماری)(70)مەترە، لەنێوانیاندا(2) دەرگا هەیە، درێژایی سنوری جوگرافی نێوان ئەم دوو گەڕەکە(1355)مەترە. لە بەشی باشوریشەوە(5) بەربەست لە گەڕەکی بناری کوردنشینی جیادەکاتەوە کە بەرزییان(2) مەترەو، درێژی ئەم بەربەستانە دەگاتە(50) مەترو لە نێوانیاندا(3) دەرگا هەیە، درێژی سنوری جوگرافی گەڕەکی(ئیمام حسێن)لەگەڵ گەڕەکی(بنار)(861,5) مەترە.

لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە(4) بەربەست لە گەڕەکی(هەنجیرە)ی کوردنشینی جیادەکاتەوە، کە بەرزییان(3) مەترەو درێژییان(40)مەترە درێژی سنوری جوگرافی نێوانیان(512,6) مەترە. هیچ دەرگایەك لە نێوان بەربەستەکانی ئەم دووگەڕەکەدا نییە. بڕوان هەمان خشتەی(4). هەروەها بەربەستەکانی ئەم گەڕەکانە بەگشتی پێکهاتوون لە دیواری کۆنکرێتی کە بەرزییان(3)مەترە، لەو شوێنانەی بەربەستەکان کە دەرگای لێ دروستکراوە پیکهاتەی بەربەستەکان بریتییە دیواری بلوك و چیمەنتۆ و تەل وسیم.

**گەڕەکی ئیمام حسێن:** تا ساڵی(1958) ئەم گەڕەکە لە دوو محلە پێکهاتبوو، بەناوی محلەی(مستەفا ئاغا)، کەسایەتیەکی کوردی شارەکەبوو، لەگەڵ محلەی(عبد میران) کە بازرگانێکی جووی شارەکە بوو، دواتر بوو بە گەڕەکی (مستەفا ئاغا)و، لە سەردەمی حکومەتی پێشووی بەعس ناوی گەڕەکی(بەعس)(حي البعث) لێنراوە، دوایی ساڵی (2003) ناوی نرا گەڕەکی(ئیمام حسین) لە ئێستادا سەرجەم دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی تورکمانی شیعە مەزهەبە کە پێشتر گەڕەکێکی تێکەڵ بووە لە کورد و تورکمان بەربەستەکانی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی(2006)، بەڵام لە دوای توندوتیژیەکانی ڕۆژی(2015/10/12) نێوان کورد و تورکمان دروستکردنی بەربەستەکان برانە نزیك سنوری گەڕەکە کوردیەکان[34]. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوەوە بەهۆی ئەوەی کە کەوتۆتە نێوان سێ گەڕەکی کوردییەو لە کاتی بەریەك کەوتنەکانی نێوان کورد و تورکمان بە هەستیارترین گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە بووە، لە بەشی باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(کۆماری) کە گەورەترین گەڕەکی کوردیە و لە ڕۆژئاواشەوە ڕێگای سەرەکی بەغداد کەرکوك لە گەڕەکی(سدیقی) زۆرینە عەرەبی جیادەکاتەوە و لە بەشی باشوریشەوە هاوسنورە لەگەڵ هەر دوو گەڕەکی(مەلا سەفەر و ئۆرتەی) تورکمانی و (بناری) کوردی و هەروەها لە بەشی رۆژهەڵاتیشەوە گەڕەکی(هەنجیرە) سنوریەتی. بڕوانە نەخشەی(3).

**گەڕەگی هەنجیرە:** لە دوایی ساڵی(2003) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروستبوە. کاتێك زۆربەی کوردی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی(1991)ئاوارەی ناوچەکانی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان بوون دوایی ڕووخانی حکومەتی پێشووی بەعس گەڕانەوە شارەکە بە هاوکاری حزبە کوردستانیەکانی شارەکە دەستیان کرد بەدروستکردنی خانوو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی هەردوو گەڕەکی(ڕزگاری و کۆماری) دەستیان کرد بە داگیرکردن زەوی لەم گەڕەکە و دواتر دروستکردنی خانوو تێدا. ئەم زیادەڕەوییانە تورکمانەکانی شارەکەی نیگەران کرد. چونکە ئەوانیش دەیان ویست لە سەر زەوی ئەم شوێنە بینای وەقفی شیعی دروست بکەن، لە ڕێگەی ئیدارەی شارەوە کە بە دەستی نەتەوەی کوردەوە بوو ڕێگەیان پێ نەدرا. تورکمانەکان بێ ئۆمێدبوون لەوەی ڕێگری لە کورد بکرێت بۆ دروستکردنی خانوو لەم گەڕەکە ئەوانیش لە کاردانەوەی ئەمەدا لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵیەوە هەردوو گەڕەکی هەنجیرە و شەهیدانیان لە سەر وەقفی شیعی تاپۆکرد لە ساڵی(2014)دا بەبیانووی ئەوەی ئەم زەوییانە دەکەوێتە نزیك مەزارگە(گومەتەی) ئیمام عەلی لەسەر شاخی هەنجیرە، چەندین جار لە لایەن کوردەوە هەوڵدرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی تاپۆی ئەم گەڕەکە لە سەر وەقفی شیعی، بەڵام سودی نەبوو[35]. گەڕەکەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە لە بناری شاخی هەنجیرە. لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(شەهیدانی) هەڕەمەکی کوردنشین و لە بەشی باشوریشەوە گەڕەکی(ڕزگاری) سنوریەتی و لە بەشی

ڕۆژئاواشەوە هاوسنورە لەگەڵ هەر دوو گەڕەکی کوردنیشی(ڕزگاری و بنار) و گەڕەکی(ئیمام حسێنی) تورکمانی شیعە کە(4)بەربەستی نەتەوەی لە نێوانیاندا هەیە، بڕوانە هەمان نەخشەی(3).

**گەڕەکی کۆماری:** ساڵی(1957)تەنیا یەك ماڵ لەم شوێنەدا بووە بە ناوی(کەریم ناسر) کورد بوە و خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە. لە دوایی هاتنە سەر حکومی(عبدالكريم قاسم) لە ساڵی(1958)و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی حکومی کۆماری و. لە سەرەتای ساڵی(1959) دەستکراوە بە بەئاوەدانکردنەوەی گەڕەکی(کۆماری)(حي الجمهوري). هەر بەناوی حکومی کۆماریشەوە ناونراوە، تەنها گەڕەکی ناوچەی توێژینەوەیە لە کاتی دروستبونیەوە تائێستا هیچ گۆڕانکاریەك بە سەر ناوەکەیدا نەهاتبێت، سەرجەم دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردە[36]. هەروەها ئەم گەڕەکە دەکەوێتە باکوری ناوچەی توێژینەوەو لە باکورەو هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی (پیشەسازی)و لە ڕۆژئاواوە گەڕەکی(تەیاری) زۆرینە عەرەب سنوریەتی و هەروەها ڕێگای سەرەکی کەرکوك بەغداد لە گەڕەکی(سدیقی) جیادەکاتەوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی(شەهیدان). لە باشوریشەوە گەڕەکی (ئیمام حسێنی) تورکمانی شیعە مەزهەب سنوریەتی و(6) بەربەست لەنێوانیادا هەیە، بڕوانە هەمان نەخشەی(3).

شێوازی بەربەست لە ناویەك گەڕەك ئەم شێوازە لە گەڕەکی(سدیق) دەردەکەوێت بەربەستەکان لە ناو گەڕەکەکەدا ڕەهەندێکی نەتەوەی مەزهەبی هەیە، کە بەزۆری دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستیەوە بەئاراستەی باشوری گەڕەکەکە، بەزۆری دانیشتوانی گەڕەکەکە عەرەبن لەگەڵ تێکەڵبوونی بەشێك لە تورکمانی شیعە.

شێوازی دوو گەڕەك(تورکمان و عەرەب)(تورکمان و کورد) بەربەست لە نێوان دوو گەڕەك ئەم شێوازە دەکەوێتە بەشەکانی باشوری شارەکەو، لەسەر ڕێگای بەغداد بە ئاراستەی دەرەوەی شار، لەبەرئەوەی زۆرینەیان دەکەونە پەراوێزەوە سەرباری ئەوەی زۆرینەی دەوروبەری ئەم گەڕەکانە لەو گەڕەکانە پێکهاتوون کە ناسیونالیزمێکی نەتەوەیی و مەزهەبیان هەیە بۆیە کێشەو پێکدادنەکان لەم شێوازەدا تاڕادەیەك زیاترە، کە ڕووبەری گەڕەکە تورکمانیەکان لەم شێوازەدا، ڕێژەکەی زیاترە کە دەکاتە(2,89)کم2، ڕێژەیەکی زۆری بەربەستەکان دەکەونە چوارچێوەی گەڕەکە تورکمانیە شیعەکان بە بەراورد بە گەڕەکە کوردی و عەرەبییەکان. وە هێرشەکانی ماوەی(2013.2004) بۆ سەر گەڕەکەکانی(ئیمام ئەحمەد و مەلا سەفەر و ئۆرتە و ئیمام حسێن) کە بەزۆری گەڕەکە تورکمانە شیعەکانی دەکردە ئامانج.

لەکاتێکدا پرۆسەی پێکدادانەکانی تر دروست بوون لە ساڵی(2017.2014) بەهێرشکردن بە ئاراستەی ناوچە و گەڕەکە کوردییەکان، بەربەستەکان بەشێوازە جۆراو جۆرەکانیانەوە دەرکەوتن ئەمەش پاڵنەرێکی زیاتری هێزە دەرەکیەکان بوو بۆ قەتیسبوونی ئەم گەڕەکە کوردیانە، ئەمەش بوە هۆکاری زیاتر دروست بوونی پێکدادانەکان لە نێوان گەڕەك تورکمان نشینەکانی وەك(ئیمام حسێن ئۆرتەو مەلا سەفەر) لەگەڵ گەڕەکە کوردیەکانی وەك(کۆماری و بنارو ڕزگاری و هەنجیرە)، بەهەمان شێوە ڕوداوەکانی(16)ئۆکتۆبەر بووە پاڵنەری مانەوەی ئەم بەربەستانە بەتایبەتی لەو گەڕەکانەی کە پێکهاتەی کوردین.

شێوازی سێ گەڕەك و چوار گەڕەك هەرچەندە ئەم جۆرە لە نێوان سێ گەڕەکی کوردی لەگەڵ یەك گەڕەکی تورکمان، بەڵام بەهۆی شوێنی جوگرافی گەرەکە تورکمانیەکە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەکە هەروەها گەڕەکە کوردییەکان دابەش دەکات، لە هەمان کاتدا گەڕەکە تورکمانیەکە لە(3)بەشەوە سنوری جیاوازی هەیە، ئەمەش سەرەڕای هەڵکەوتە جوگرافیەکەی، هەموو ئەمانەش بوونە هۆی زیاتربوونی کێشەو ململانێکان بەتایبەت لە دوای(16)ئۆکتۆبەرەوە.

دەروازەکان ڕۆژانە لە لایەن دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ تێپەڕبوون لە شوێنی نیشتەجێبوونەوە بۆ شوێنی کارەکانیان بە تایبەت لە لایەن خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە تەنیا بە پیادەڕۆ دەتوانرێت تێپەڕێنرێت ڕۆژانە کاتژمێر(8)ی بەیانی دەکرانەوە، ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی دام دەزگاکانی شارەکە کەتبوونە نێو گەڕەکە تورکمان نشینەکانەوە وەك بەڕێوەبەرایەتی(پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ئاو و دادگای دووز و سەرۆکایەتی شارەوانی و نەخوشخانەی گشتی و ئامادەیی پیشەسازی و کۆلێژی پەروەردەی دوزی سەر بە زانکۆی تکرێت) کە لە کاتی سەردانکردنیان دەیان ئاستەنگ دروست دەبوو. یان ئەو هاوڵاتیانە کە بەمەبەستی کاروباری تایبەت بەخۆیان سەردانی فەرمانگەکانیان دەکرد ئەبوایە چەندین کاتژمێر چاوەڕونیان بکردایە تا دەروازەکان دەکرانەوە، هەندێك ڕۆژ دەرگاکان هەر نەدەکرانەوە ئەمەش ناڕەزایەتی لای هاوڵاتیان دروستکردبوو چەند جارێك قایمقاق هەوڵی ڕووخاندنی دا، بەڵام شکستی هێنا تورکمانەکان بەچەك ڕووبەڕیان بوونەوە ئەو تیمانەشی ڕاسپێرابوون بۆ جێ بەجێکردنی ڕایانکردوو ئامێرەکانیان بەجێ هێشت، ئەم دیوار بەندیەی تورکمانەکان دابڕانێکی تەواوی دروستکرد لە نێوان پێکهاتەکانی شاری دوزخورماتوودا، کێشە بۆ ئەو هاوڵاتیە کورد و عەرەبانەش دروست دەبوو کە کەوتبونە نێوان ئەو دیوار بەندیانەوە. هەروەها دەروازە سەرەکیەکانیش ئەوانەی کە ڕێگەی ئۆتۆمبیل بوون تەنیا ڕێگە بەو ئۆتۆمبیلانە ئەدرا بۆ چوونە نێو گەڕەکەکان کە هی هاوڵاتیانی گەڕەکەکان بوون یان هی ئەو فەرمانبەرانەی فەرمانگە حوکمیەکان کە باجیان بۆ دروستکرابوو بۆ تێپەڕبوون بە دەروازەکەدا. لە دوایی ڕووداوەکانی(16 ئۆکتۆبەری ساڵی2017) کۆنترۆڵکردنی ناوچەی توێژینەوە لە لایەن تورکمانە شیعەکانەوە وردە وردە هەستان بە ڕووخاندنی زۆرێك لە بەربەستەکانی دەوروبەری بازاڕی گەورە و گەڕەکەکان و کردنەوەی زۆربەی دەروازەکان و لابردنی هێزەکانی گەرەك پارێز، هەستان بە دانانی کامێرەی چاودیری لە نێو کۆچەو کۆڵانەکانی گەڕەکەکانیان و بەربەستەکانیش خرانە ژێر چاودێری.

بەبەراوردکرنی خشتەی(4)و نەخشەی(2،3)جوگرافیای سیاسی بەربەستەکان لە شاری دوزخورماتوو ئەم ڕاستیە جوگرافیە سیاسیانە دەردەکەوێت.

1. سەرەتای دروست بوونی بەربەستەکان لە شاری دوزخورماتوو لە گەڕەکی(مەلا سەفەر)تورکمانی شیعی دەستی پێکرد، بەهۆی چالاکیە تیرۆریستیەکان بە ئامانج گرتنی گەڕەکە تورکمانیە شیعە نشینەکان، پاش دەرکەوتن و دروستبونی ئەم بەربەستانە، دەرئەنجامەکەی دەرکەوتنی ئاڵۆزی و جیاوازیە مەزهەبیەکان بوو،

ئەمەش لە نێوان دوو ئاراستەدا یەکێکیان قاعیدەو نەقشبەندی و داعش بوو، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی بیرو بۆچون لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی مەزهەبی سوننەدا کۆدەبوونەوە.

2. بوونی ئەو هێرشانە لە سەرەتادا لەلایەن هێزەکانی دەرەوەی شارەکە بوون، لەگەڵ بوونیاندا نوێنەری هێزی تیرۆریستی بوون لە نێو هەموو نەتەوەکاندا، سنورەکەی زیاتر لە بەشەکانی باکوری ڕۆژئاواو ڕوژئاوای شارەکە بوون، ئەمەش دەرئەنجامی لاوازی هێزی سەربازی عێراق بوو،پاساوەکانی دروستکردنی بەربەستەکان لە سەرەتادا ڕەهەندێکی ئەمنی بوو، تورکمانەکان زیاتر هەوڵی لەسەر دروستکردنی بەربەستەکان لە ناو گەڕەکە تورکمان نشینەکاندا چڕ کردبوویەوە، لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی دراوسێ و نزیك بوون لێیەوە لە(کورد و عەرەب)، هەروەها لە نێوان گەڕەکە تورکمانیەکان دا،ئەمەش لە ترسی کوشتن و پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی ئەم پێکهاتەی ناوەوەی شاری دوزخورماتوو زیاتر لەکۆی پێکهاتەکانی تر، کاتێك تێبینی نەخشەی(3)دەکەین، ئەو گەڕەکانەی تایبەتن بە کورد و عەرەب لە نێوانیاندا هیچ بەربەستێك نیە، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێت کە سنوریان لەگەڵ گەڕەکە تورکمانیەکاندا هەیە.

هەروەها هەندێك گەڕەك بەتایبەت گەڕەکی(تەیار) کە تێکەڵەیەکە لە نێوان کورد و عەرەب، لەگەڵ ئەوەی بەرزترین چڕی دانیشتوانی هەیە، بەڵام هیچ بەربەستێك لە هیچ شوێنێکی ئەم گەڕەکەدا بوونی نییە. هەروەها هەر دوو گەڕەکی(پیشەسازی و شەهیدان) کە دوو گەڕەکی کوردنشینن بەربەست بوونی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ یەکێك لەم سێ گەڕەکە سنوریان لەگەڵ گەڕەکە تورکمان نشینە شیعەکاندا نیە، بڕوانە هەمان نەخشەی(3). بەڵام گەڕەکی(برایەتی) بە تەنها کەوتۆتە باکوری شارەکەو پرۆژەی ئاودێری کەرکوك لە گەڕەکەکانی تری شارەکەی دابڕیوە، بۆیە دابەشکردنی بەربەستەکان دابەشکردنێك نیە بەپێی چڕی دانیشتوان بێت. بەڵکو ڕێڕەوی بەربەرستەکەو درێژبونەوەی بەپێی دابەشبوونی نەتەوەی- مەزهەبی ڕۆڵی بەشێك لە پارچە زەویەکی جوگرافی لە ناوەندی شار کە زیاتر زۆرینەی تورکمانی شیعی تێدا چڕبۆتەوە، بەرەو گەڕەکەکانی تری کورد و عەرەب، بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی نزیکن لە تورکمانەوە، کە خاوەنی چڕی دانیشتوانی بەرزونزمن، بۆیە ئەم بەربەستانە لە دەرئەنجامی جۆراوجۆری ئەیتنیکی دروست بووە.

3. زۆری بەربەست و ژمارەی بەربەستەکان لە سێ بۆ چوار گەڕەکدا چڕبۆتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە بوونی گەڕەکەکانی نزیك لەیەکتر لە ڕووی شوێنەوە، بەڵام جیاواز لە ڕووی ئیتنیکییەوە( نەتەوەیی و مەزهەبی)، دروستکردنی ئەم بەربەستانە لە نێوان(سێ بۆ چوار گەڕەك) لە دوای گۆڕانی شێوازی هێرشکردن لە هێزە دەرەکیەکان بۆ هێزی ناوخۆ یان شێوازی ناوخۆ، واتە هێرشکردن لەلایەن لایەنێکی ئیتنیکی دژی لایەنێکی تری ئیتنیکی لە پێکهاتەکانی شار، دروست کراوان. ئەمەش پاڵمان پێوەدەنێت کە بڵێین ئەرکی ئەمنی ئەم بەربەستانە گۆڕا بۆ جیاکردنەوەو لێکدابڕانی دانیشتوانی گەڕەکێك لە گەڕەکێکی تر یان بەشێکی شار لە بەشێکی تر، بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی(2014- 2017)بەتایبەت تر لە(دوای16ئۆکتۆبەری2017). کە دادەنرێت بە توندوتیژی نەتەوەیی دژی کورد لە شارەکەدا.

4. بەتێڕوانینە مەیدانیەکان، ئەوەی لە وێنە مەیدانیەکانی ئەم بەربەستانە دەرکەوتووە، زۆربێکیان لە ژێر کامێرای چاودێریدان، لەکاتێکدا بەشێکی زۆریان لایەنی پەیوەستن بە(حەشدی تورکمانی) و بەکاری دەهێنا، ڕێگەدان یان ڕێگەپێنەدان بە هاتووچۆ لە نێوان ئەم بەربەستەکانە،بەتایبەت لەماوەی یەکەمی دروستکردنی لە سەرەتاکانی ساڵی(2005)، هەروەها لە ساڵی(2014)و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو ڕووداوی16ئۆکتۆبەر، بوە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی تورکمانی شیعی لە شاردا ببنە تاك لایەن و هەژموون بەسەر تەواوی شارو ئەو بەربەستانەدا بکەن. ئەمە ئاماژەیە بۆ هەژموون کردنی میلیشیاکان بەسەر ئەم بەربەستانەدا، هەروەها ئاماژەیە بۆ دەرهێنانی ئەم بەربەستانە لەو ڕۆڵە سەرەکیەی کە جێبەجێکردنی ئەرکی ئەمنی بوو. سوپای فەرمی یان دەزگایەك لە وەزارەتی ناوخۆ جێگیرنەکرابوون بەپێی یاساکان و ڕێکارە یاساییە دیاریکراوەکان بۆ بەڕێوەبردنی بەربەستەکان. بەڵام بەڕێوەبردنی ئەم بەربەستانە لەلایەن هێزەکانی دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆ و سوپا ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی هەبوو لەسەر توندبونەوەی ململانێ و توندوتیژی لە شاردا.

5. سەرەڕای دروستکردنی ئەم بەربەستانە هەر لەساڵی(2005)وە بەڵام هێرشکردن بۆ سەر گەڕەکەکانی شارەکە بەردەوام بوو بەتایبەت لە قۆناغی بەربەککەوتن لە ساڵی(2006)لەو ساڵەدا ژمارەی بەربەستەکان زیادی کرد بۆ(93)بەربەست. کە لە ساڵی(2005)تەنها(50) بەربەست هەبوو. بەجۆرێك لە ساڵی(2011)گەیشتە(136)بەربەست کە هاوکات بوو لەکەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، سپاردنی پاراستنی ئەمنیەتی شارەکە بە پۆلیسی فیدراڵی، کە تەقینەوەو ڕفاندن و توندوتیژیەکانیش بەرزبوونەوە، لە ساڵی(2011) ژمارەی بەبەرستەکان گەیشتە(136)بەربەست، لەدوای توندوتیژییەکانی ڕۆژی(2015/10/12)و، ڕۆژانی دواتر لە سەرەتای ساڵی(2016)ژمارەی بەبەستەکان گەیشتە زۆرترین بەربەست کە(246) بەربەست بوو، لە ساڵی(2020) لەلایەن قایمقامی شاری دوزخورماتوو دکتۆر حەسەن زین عابدین دوای(7) کۆبونەوە لە نێوان پێکهاتەکان بڕیاردرا بەلابردنی سەرجەم بەربەستەکان. بەڵام جێبەجێ نەکرا تەنیا بەربەستەکانی نزیك بازاڕی گەورە کردنەوەی هەندێك شوێنی سەرەکی گرتەوە ژمارەی بەربەستەکان کەمبووەوە بۆ(145) بەربەست، بەڵام ئێستا(2022) ژمارەیان تەنها(72) بەربەستە. بڕوانە خشتەی(5)

خشتەی(5)ژمارەی بەربەستەکان لەماوەی ساڵانی(2005.2022)

| ساڵ | ژمارەی بەربەست |
|---|---|
| 2005 | 50 |
| 2006 | 93 |
| 2011 | 136 |
| 2015 | 246 |
| 2020 | 145 |

| | |
|---|---|
| 2022 | 72 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1. چاوپێکەوت لە چەندین هاوڵاتی گەڕەکەکان

2. سود وەرگرتن لە وێنەی مانگە دەستکردەکان

تێبینی ئەوە دەکرێت کە هێرشەکان بۆ سەر گەڕەکەکان بەردەوام بوە، کەمبونەوەی ژمارەی هێرشەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە ڕووداوەکانی(16ئۆکتۆبەری2017)تەقینەوەی ئەو بەربەککەوتنانە بوو، کە بوە هۆی کۆچکردنی کورد، بەجۆرێك بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەم بەربەستانە نەتوانراوە کەشێکی ئارام و ئاسایش دروستبکرێت، کە بۆ ئەوە مەبەستە دروستکرابوون، بە هۆکاری جیاوازی ئیتنیکی و ململانێ لەسەر شۆناسی شار، ئەمەش هەر بە هۆکاری خراپ بەڕێوەبردنی بەربەستەکان و لەڕێلادانی پاڵنەرەکانی دروستکردنی، ئەم بەربەستانە ڕۆڵی دەرکەوتنی شوێنی بۆ لێکدابڕانی پێکهاتەکان دەبینێ.

لە ناوچەی توێژینەوەدا ڕەنگدانەوەی ئەم لێکدابڕانە لە نێوان پێکهاتەکاندا دەبینرێت، بەپێی چەمکەکانی جوکرافیای سیاسی ئیتنیکی پێکهێنرا، کە پێکهاتبوو لە ڕەگەزە جیاوازە ئیتنکیەکان بەڵام تا ئێستا تێکەڵاونەبوون، لەبەر ئەوەی هەریەك لە پێکهاتەکان شوناسی تایبەتی خۆیان بۆ شۆناسی شار پاراستوە. بۆیە ئەم لێکدابڕانە کۆڵەکەی ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانە بۆ هەر سێ پێکهاتەکە تورکمان(35,93%) کورد(33,83%) عەرەب(30,24%) بەجۆرێك شارەکە سێ شوناسی جیاوازی لەخۆی گرتوە، کەنزیکن لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە، کە ناکرێت هەر یەکێك لەوانە زۆرینە پێکبهێنێت. ئەمەش بۆتە هۆی نەبوونی سەقامگیری بەشێوەیەکی گەورە. ئەم دابەش بوونەو ئاڵۆزیەکەی لە ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر بەڕێوەبردنی شوێنی هەبووە، کە دوزخورماتوو بەشێکی سەرەکی بەرکەوتوە. هەروەها ئەم بەربەستانە نموونەی لێکدابڕانبوە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بەپێی مادەی(140)لە دەستوری عێراقدا. هەمووی لە ناو دوو بازنەی شارو ناوچە دابڕاوەکانی مادەی(140)دایە، کە بازنەیەکی فراوانتر دەگرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەو بەربەستانەی دابەشکردوە کە بۆتە هۆی نەبوونی تێکەڵاوبوون پێکەوەبەستی پێکهاتەکان ئەویش دەوڵەتی عێراقی ئێستایە. کەواتە ئەم بەربەستانە چەمکێکی نوێی لە جوگرافیای سیاسی دا هێناوەتەکایەوە،بەتایبەت لە جوگرافیای سنوردا. کە ئەمەش لەسەر بنەمای شێوازە وەزیفیە تەقلیدیەکان نییە، بەڵکو دەربڕی سنوری لێکدابڕانی گروپێکی نەژادییە لە نەژاد و ئیتنیکی تر. لە هەندێك ناوچەدا تێپەڕین بۆ شوێنی تر زۆر قورس و گرانە.

بۆیە هەڵگیرسانی ململانێ نەژادیەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی یان لە نێوان شارەکاندا و لەسەر ئەو هێڵەی کە جیایان دەکاتەوە لە نێو سنوردا، کە هەمان ئاستە کە ململانێ لەسەر سنوری جیاکەرەوەی وڵاتان دێنێتەکایەوە[37].

**دەرئەنجام:**

1. هۆکارە سروستییەکان تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەبووە بەتایبەت بەرزونزمی کە ئاسانکاری کردوە بۆ دروستکردنی بەربەستەکان لەگەڵ کەمترین تێچوی ئابوری، چونکە هەم شارەکە بچوکە ڕووبەرەکەی(14,2کم2)، لەگەڵ ڕۆڵی دەرامەتەکانی ئاویش جگە لەوەی سەرچاوەی ژیانە، لە هەمانکاتدا ناوی ئاوەسپی بۆتە جیاکەرەوەیەکی نەبینراو لە نێوان خەڵکی شارەکەدا بەتایبەت تورکمان وکورد، کە تورکمان لە دیدێکی عوسمانی کۆنەوە مۆرکێکی تورکی بە ئاوەسپی ببەحشن،بەڵام ئەم ڕووبارە بەشێکی زۆری لە هەرێمی کوردستانە.
2. دەرکەوت پێکهاتە مرۆییەکان ڕۆڵی گەورەی هەبوە بەتایبەت پێکهاتەی ئیتنیك ئەم شارە بەم ڕووبەرە بچوکەوە دەبینین نەخشەیەکی بچووك کراوەی عێراق و ناوچە دابڕاوەکانە بەتایبەتی دابەشکردنی ئیتنیك و شوناسەکان، هەر نەتەوەیەك بەشێکی شارەکەی کردوە کورد کە ڕێژەی لە(33,83%)کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شارەکە، تورکمانەکان کە ڕێژەیان لە(35,93%)کەوتەنەتە ناوەڕاستی شارەکە، پێکهاتەی عەرەبیش کە لە(30,24%)دانیشتوانی شارەکەن و کەوتونەتە ڕۆژئاوای شارەکەوە، لەگەڵ هەندێك کەڕەکی تێکەڵ، ئەم دابەشکردنە هەم لە ڕووی ژمارەی پێکهاتەو دابەشکردنە جوگرافیە شوێنێکەی وای کردوە خەڵکی شارەکە نەتوانێت پێکەوە بژیت وتێکەڵ بێت
3. هەرچەندە بەربەستەکان لە سەرەتادا بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی گەڕەکە تورکمانیەکان دروستکرا، بەڵام دواتر خەڵکی شارەکەی دابەشکرد، گەڕەکە تێکەڵی نەهێشت لە نێوان کوردو تورکمانی شیعە، و هەروەها لە نێوان تورکمانی شیعەو عەرەبی سوننەش جگەلە گەڕەکی سدیق.
4. ئەم دیوار بەندیە دابڕانێکی تەواوی دروستکرد لە نێوان پێکهاتەکانی شاری دوزخورماتوو، کێشەی بۆ ئەو هاوڵاتی و خوێندکارانەش دروست دەکرد کە دەرۆشتنە سەر کارەکانیان کە کەوتبو نێو ئەو گەڕەکانەی بە هۆی بەربەستەکانەوە داخرابوو.

**ڕاسپاردە:**

1. هەوڵبدرێت پرۆژەی گەشەپێدان و بەرژەوەندی لە نێوان خەڵکی شارەکە دروستبکرێت بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندیە بتوانێت تاڕادەیەك خەڵکەکە کۆ بکاتەوە.
2. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە کە بەشێکە لە ناوچە دابڕاوەکان بەپەپێی مادەی(140) دەستوری عێراق کە پێویستە کارابکرێتەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی کە خۆی دەبینێتەوە لە چەند قۆناغێکدا سەرەکیدا وەك گەڕانەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان و گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان بۆ شارەکە بەتایبەت کورد، دواتر ئەنجامدانی سەرژمێری و پاشان ڕاپرسی.

3. گرنگیدان بەو توێژینەوانەی کە لەسەر کێشە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان دەکرێن لەعێراق بەگشتی و ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەت.
4. ئەوە دەرکەوتوە کە ئێستا شار بۆتە کرۆکی هەموو بابەتە جوگرافیا مرۆییەکان لە نێوان ئەمەشدا جوگرافیای سیاسی، کەواتە دەبێت گۆڕانکاری توێژینەوە جوگرافیە سیاسیەکان تەنها لەسەر دەوڵەت و هەرێم نەمێنێتەوە لە شیکردنەوە، بەڵام جیهانی ئەمڕۆ وای کردوە گرنگی بدرێتە خوارەوەی دەوڵەت و هەرێم و کارکردن و توێژینەوەکان لەسەر شار و نەتەوەکانی ناوشار بکرێت.

**پەراوێزەکان:**

(1) عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مكتب بغداد للطباعة، بغداد، 1973، ص35.

(2) جمال حمدان، جغرافية المدن،ط3، عالم الكتب، قاهرة، 1977، ص272.

(3) صبري فارس الهيتي- صالح فليح حسن،جغرافية المدن، ط2، دار الكتب للطباعةو النشر، بغداد، 2000، ص43.

(4) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، 2011، ل38.

5( Sudeepta Adhikari, Political Geography, first publisher. New Delhi. India,2010, p189.)

(6) معتز جاسم محمد البياتي، التحليل لعملية تحرك المواد في بعض مقاطع سلسلة تلال نفط داغ بأستخدام GIs,RS، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2016، ص39.

(7) درميناخ، هيرفه، ميشال بيكويه، السكان والبيئة، عويدات للنشر والطباغة، بيروت، لبنان،2005 ص20.

(8) کامەران تاهیر سەعید، کۆیە( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008، ل86.

(9) قانع ڕەشید ئیبراهیم، ئاوەسپی لە چاوگەوە بۆ ڕێژگە، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە 142، 2000، ل59.

(10) فؤاد عبدالوهاب العمري، تحليل الخصائص الهيدروجيومورفولوجية لرافد طوزجاى . نهر العظيم، مجلة الأستاذ، العدد28، كلية التربية ابن رشد، جامعةبغداد، 2002، ص11.

(11) صفاء عدنان جاسم، التقييم الجيومورفولوجي لمنطقة طوزخورماتو باستخدام التقنيات الجغرافية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2008، ص33.

(12) أحمد محمد صالح عزي، التقيم الجيومورفولوجي ألية التغيرات الهندسية لشكل حوضي طوزجاي وادي شيخ محسن/ نهر العظيم، أطروحة دكتورا، (غير منشورة)، كلية التربية أبن رشد، جامعة بغداد، 2005، ص40.

(13) ئەحمەد حەمید گەرمکي، شاری خورماتوو (جوگرافی .مێژوویی .ئیداریی نەتەوەیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2005، ل13.

(14) ئازاد جلال شریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر، 1999، ل135.

(15) صباح عثمان البياتي، التوطن الصناعي في قضاء طوزخورماتو، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2009، ص45.

(16) حەسەن بارام، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خورماتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2007، ل75.

(17) مديرية ماء صلاح الدين، مركز ماء الطوزخورماتو، الشعبة الفنية، بيانات غير منشورة، 2022.

(18) وزارة الري، دائرة ري الطوز، قسم التخطيط والمتابعة، بيانات غير منشورة، 2022،

(19) مديرية ماء صلاح الدين، مركز ماء الطوزخورماتو، الشعبة الفنية، مصدر سابق.

(20) فوزي سهاونه، جغرافية السكان، الطبعة الاولى، عمان، 2003، ص15.

(21) عبداللة عطوي، جغرافية السكان، دار النهضةالعربيةللطباعة والنشر، بيروت، 2001، ص49.

* گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەم هاوکێشەیە دۆزراوەتەوە.

$$R = \left( t\sqrt{\frac{P1}{PO}} - 1 \right) X100$$

R = ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

T = ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەر ژمێری .

P1 = ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەر ژمێریدا.

PO = ژمارەی دانیشتوان لە سەر ژمێری ڕابردوو.

Source: Unite national, Demographic, Year book, New York,1970, p20.

(22) دکتور محمد عبدالغنى سعودي، الجغرافية السياسية المعاصرة، مكتبة الأنجلو المصرية، قاهرة، 1997، ص87.

(23) د. سفین جلال فتح اللة، بچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014، ل156.

(24)د.خلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافی ونەتەوەی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە2،ساڵی دووەم، 1993، ل19.

** لەسەر ژمێری ساڵی1977حکومەتی بەعس کوردی فەیلی جیاکردۆتەوە لە نەتەوەی کورد کە ژمارەیان(319)کەس بوە بەڕێژەی(1,09%)لەسەر ئاستی شاری دوزخورماتوو،بەڵام لەسەر ئاستی قەزا(345)کەس بوون بە ڕێژەی(0,06%)، ئێمە ئەم ژمارانەمان خستۆتە سەر نەتەوەی کورد لە خشتەکەدا، چونکە بەعس بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد هەموو ڕێگایەکی گرتۆتەبەر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی فەیلیەکان کوردی ڕەسەنن.

*** 2,98کم2 زەوی ئیفراکراو نەکرالە سنوری شارەوانی دوزخورماتوودا هەیە وەك لە نەخشەی(2و3)دا دەردەکەوێت.

(25) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (حەسەن بارام) لە بەرواری2022/1/21.

(26) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (مامۆستا عادل حاجی غفور) کەسایەتی دوزخورماتوو، لە بەرواری2022/1/22.

(27) محەمەد ڕەشید محەمەد، خورماتوو شارێك لە نێوان میراتیەکانی ڕژێمی بەعس و ئازادیەکانی دوای داگیرکردنی عێراق2003.2010، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2013، ل307.308،

(28) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(کەریم سەمین عەلی) ئەنجومەنی پێشووی گەڕەکی ڕزگاری، لە بەرواری2022/3/1.

(29) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(کاظم عبدل حسین عباس جایرلی)، ئەنجومەنی گەڕەکی ئیمام ئەحمەد، لە بەرواری2022/3/1.

(30) محەمەد ڕەشید محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل299.

(31) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(کەریم موختار) ئەنجومەنی پێشووی گەڕەکی تەئاخی، لە بەرواری2022/3/2.

(32) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(مامۆستا بورهان عادل)، لە بەرواری2022/2/28.

(33) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(حەیدەر حەمید)، ئەنجومەنی گەڕەکی بنار، لە بەرواری2022/2/29.

(34) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(مامۆستا ئەمین نەوجولی)، کەسایەتی خوێندەوار و بەتەمەنی شارەکە، لە بەرواری2022/3/4.

(35)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(ئەندازیار محەمەد عباس)،سەرۆکی پێشوی شارەوانی خورماتوو، لە بەرواری2022/3/5.

(36) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(سەباح کەریم سنگوری)، ئەنجومونی گەڕەکی کۆماری، لە بەرواری2022/3/5.

(37) كولن فلنت،جغرافية الحرب والسلام من معسكرات الموت إلى الحراك الدبلوماسي(الجزء الثاني)، ترجمة/ عاطف معتمد وأخرون، ط1، المركز القومي للترجمة، القاهرة، 2017، ص242.

**لیستی سەرچاوەکان:**


**یەکەم:سەرچاوە کوردیەکان: أ.کتێب:**

1. ئەمین، هاوڕێ یاسین محەمەد، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، 2011.
2. بارام،حەسەن ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خورماتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2007.
5. بارام،حەسەن ، ڕەهەندەکانی کوردستانیبوونی قەزای خورماتوو، چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2012.
6. سەعید، کامەران تاهیر، کۆیە( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008.
7. شریف، ئازاد جلال ، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر، 1999،
8. فتح اللە، د. سفین جلال، بچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014.
9. گەرمکی، ئەحمەد حەمید، شاری خورماتوو (جوگرافی .ئیداریی .نەتەوەیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2005.
10. محەمەد، ڕەشید محەمەد، خورماتوو شارێك لە نێوان میراتیەکانی ڕژێمی بەعس و ئازادیەکانی دوای داگیرکردنی عێراق2003. 2010، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2013،

**ب.گۆڤار:**

1. ئیبراهیم، قانع ڕەشید، ئاوەسپی لە چاوگەوە بۆ ڕێژگە، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە 142، 2000.
2. محەمەد، د.خلیل ئیسماعیل، دابەشبوونی جوگرافی ونەتەوەی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە2،ساڵی دووەم، 1993.

**ج.چاوپێکەوتنەکان:**

1. کازم عەبدل حسێن عباس جایرلی ، ئەنجومەنی گەڕەکی ئیمام ئەحمەد، 2022/3/1.
2. حەیدەر حەمید، ئەنجومونی گەڕەکی بنار، 2022/2/29.
3. مامۆستا ئەمین نەوجولی، کەسایەتی خوێندەوار و بەتەمەنی شاری دوزخورماتوو، 2022/3/4.
4. ئەندازیار محەمەد عباس، سەرۆکی پێشووی شارەوانی دوزخورماتوو،2022/3/5.
5. حەسەن بارام، نوسەری ناوچەی توێژینەوە، 2022/1/21.
6. مامۆستا عادل حاجی غەفور، کەسایەتی دوز خورماتوو، 2022/1/22.
7. مامۆستا بورهان عادل، دانیشتوی شاری خورماتوو پێش16 ئوکتوبەر، 2022/2/28.

8. کەریم سەمین عەلی، ئەنجومەنی پێشووی گەڕەکی ڕزگاری،2022/3/1.
9. کەریم موختار، ئەنجومەنی پێشووی گەڕەکی تەئاخی، 2022/3/2.
10. سەباح کەریم سنگوری، ئەنجومەنی گەڕەکی کۆماری، 2022/3/5.
11. سەردار فتاح داودی، ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی قەزای دوزخورماتوو، لە بەرواری2022/3/4.
12. باسم عبد ئەحمەد حەمدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پێشوی قەزای دوزخورماتوو، لەبەرواری2022/3/4.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان: أ.کتێب:**

1. حسين، عبدالرزاق عباس ، جغرافية المدن، مكتب بغداد للطباعة، بغداد، 1973.
2. حمدان، جمال، جغرافية المدن، عالم الكتب، ط3، قاهرة، 1977.
3. درميناخ، هيرفه، ميشال بيكوبه، السكان والبيئة، عويدات للنشر والطباغة، بيروت، لبنان،2003.
4. سعودي، دكتور محمد عبدالغنى، الجغرافية السياسية المعاصرة، مكتبة الأنجلو المصرية، قاهرة، 1997.
5. سهاون، فوزي، جغرافية السكان، الطبعة الاولى، عمان، 2003.
6. عطوي، عبداللة، جغرافية السكان، دار النهظة العربيةللطباعة والنشر، بيروت، 2001.
7. فلنت،كولن، جغرافية الحرب والسلام من معسكرات الموت إلى الحراك الدبلوماسي(الجزء الثانى)، ترجمة/ عاطف معتمد وأخرون، ط1، المركز القومى للترجمة، القاهرة، 2017.
8. الهيتي، صبري فارس - صالح فليح حسن،جغرافية المدن، ط2، دار الكتب اللطباعةو النشر، بغداد، 2000.

**ب.تێزی دکتورا:**

1. عزي، أحمد محمد صالح، التقيم الجيومورفولوجي ألية التغيرات الهندسية لشكل حوضي طوزجاي وادي شيخ محسن/ نهر العظيم، أطروحة دكتورا، (غير منشورة)، كلية التربية أبن رشد، جامعة بغداد، 2005.

**ج.نامەی ماستەر:**

1. البياتي، معتز جاسم محمد، التحليل لعملية تحرك المواد في بعض مقاتع سلسلة تلال نفط داغ بأستخدام GIs,RS، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2016.
2. البياتي،صباح عثمان، التوطن الصناعي في قضاء طوزخورماتو، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2009.
3. جاسم، صفاء عدنان، التقييم الجيومورفولوجي لمنطقة طوزخورماتو باستخدام التقنيات الجغرافية، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية التربية، جامعة تكريت، 2008.

**د.گۆڤار:**

1. فؤاد عبدالوهاب العمري، تحليل الخصائص الهيدروجيوموفولوجية لرافد طوزجاى.نهر العظيم، مجلة الأستاذ، العدد28، كلية التربية ابن رشد، جامعةبغداد، 2002.

**ه.فەرمانگە حکومیەکان:**

1. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1977، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(10).
2. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1987، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(1).
3. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة1997، جزء الخاص بمحافظة صلاح الدين، جدول(1).
4. وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، مديرية احصاءات السكان ولقوى العاملة، تقديرات سكان لسنة2007، جدول(5/1).
5. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، مديرية احصاء محافظة صلاح الدين، شعبة احصاء الطوز، بيانات غير المنشورة، سنة2022.
6. مديرية الامن العامة مركز التطوير الأمني، التعداد القومي للسكان، بيانات سرية.
7. وزارة البلديات والاشغال، مديرية العامةبلديات صلاح الدين، مديريةبلدية الطوز، بيانات غيرمنشورة، 2022.
8. الهيئة المساحة العامة، حريطة العراق الطبوغرافية، 1:100000.
9. خريطة قضاء طوز خورمانو بمقياس، 75000 :1.
10. التصميم الآساس لمدينة طوزخورماتو العام2022.
11. وزارة البلديات والاشغال، مديرية العامةبلديات صلاح الدين، مديريةبلدية الطوز، بيانات غيرمنشورة، 2022
12. وزارة الري، دائرة ري الطوز، قسم التخطيط والمتابعة، بيانات غير منشورة، 2022.

13. مديرية ماء صلاح الدين، مركز ماء الطوزخورماتو، الشعبة الفنية، بيانات غير منشورة، 2022.

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1. Adhikari, Sudeepta Political Geography, first publisher. New Delhi. India,2010, p189.
2. Saleem, Dr. Zmkan Ali Saleem &Dr. Mac J. Skelton, Actors,and Comeptition in Iraq's Disputed Territries After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahaddin, Journal of Political and Securiy Studies, Volume 2, Issue 4, December 2019.
3. Unite national, Demographic, Year book, New York,1970, p20.

ئەنتەرنێت:

1. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی یۆنامی لە دوزخورماتوو لە بەرواری 2017/12/23، UNAMI-Information:38580#

Spatial distribution of separation barriers in Tuz Khurmatu
(A Study in Political Geography)

**ABSTEACT**

Barriers are a political geographical phenomenon that has long been used as a separating boundary, with different uses and occupations according to geopolitical stages, especially since the Cold War. From this period onwards, the function of the barriers changed to segregate the population within the state, on the basis of ethnicity (nation, religion), due to the intensification of the problems of the population of a region. The aim of this study is to show the geographical distribution of barriers at the neighborhood level and their functions. GPS was used to locate the obstacles, relying on official data to arrive at a political geographical analysis of the phenomenon. The study showed that the barriers were initially built to protect the security of the neighborhoods, but later divided the residents of the city, and this wall created a complete separation between the communities of Tuz Khurmatu.

Keywords: Barriers, Political Geography , Population ,Tuz Khurmatu.